قاسم حسێن ساڵح

# مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

سلێمانی / ٢٠٠٢

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

ناوی کتێب: مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە
ناوی نووسەر: قاسم حسێن سالح
ناوی وەرگێڕ: عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا
بابەت: دەروونشیکاری
هەڵەچن: ناسك عەزیز
تیراژ: ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن : ٢٢٦ ی ٢٠٠٢

**زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٤)**
**www.sardam.net**

## پێشەکی:

بێگومـان دیـدو بۆچوونـەکانی فرۆیـد کۆمـەڵێك پرسـیارو دەلالـەتی زینـدوی لـە خـۆدا هـەلگرتووە، بەلاّم هەموو ئەوانە بـە نیسبەت کوردو رۆشـنبیریی کوردی لە بەر ئـەوەی رۆشـنبیرییەکە هەمیشە یـەك تاکـە دەلالـەتی لـە خـۆدا هـەلگرتووە، یـەك تاکـە دەلالەت تەواوی رەهەندەکانی ئەرشیف دەکات، یـەك تاکە دەلالەت تەواوی دیـدو بۆچوونـەکانی تـەنیووە، تا دەگاتە خانەی لە بیر کردنو پشت گوێ خستن، بـە دیوەکـەی دیکـەش رۆشـنبیری کـوردی لـە بەرامبـەر یادگارییە ئەرشیف کراوەکانیدا بـە تـەواوی دەرفـەتی بیرکردنەوەی لە دەست داوە، یاخود ئەسـڵەن توانـای بیرکردنەوەی تیا مردووە..

کەواتە ئەگەرچی فرۆید بە پێی پێشکەوتنە یەك لـە دوا یەکـەکانی فیکـرو فەلسـەفەو بـە دیوەکـەی دیکەش زانستو تەکنۆلۆژیا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی بە دواداچوونو راڤەکردنو خوێندنەوەی یەك لە دوا

یەکی جیاوازەوە، دەکەوێتە بەر هەڕەشەی زانستو تەکنۆلۆژیاوە کەچی لای ئێمە هەرگیز خۆی لە هەڕەشە لێکردندا نادۆزێتەوە، هەروەها رەنگە تەواوی سیماکانی بە هەڵە خرابێتە روو، یان بە هەڵە قسەی لە سەر کرابێ، ئەو لێکۆڵینەوە وەرگێردراوە کە لێرەدا بەر چاو دەکەوێت هەرگیز لە توێی مافی بەرگریکردندا پەنجە هەڵنابڕێ، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا وەك هەستکردن بە لێپرسراوێتی هەوڵدەدا بە شێوەیەکی سانا فرۆید بخاتە روو، ئەو هەوڵەی ئێمەش لە تەرجەمەکردنی هەمان دەلالەت لە خۆدەگرێ، بە دیوەکەی دیکەش دەکرێ دەسپێکی پڕۆژەیەك بێ بۆ خوێندنەوەیەکی تاکو ئێستا رانەگەیەنراو، بەرجەستەکردنی بەشێك لەو کارو پڕۆژە درێژ خایەنە بێ کە تاکو ئێستا رۆشنبیری کوردی بیری لێ نەکردۆتەوە، واتە خستنە بەر چاوی چەمکەکانی فرۆید کاری ئێمە نییە، بۆیە ئەو هەوڵە بچوکە هەرگیز ناچێتە خانەی خۆ نمایش کردن بەڵکو مەبەست تەنها نزیکبوونەوەو ئاڵوگۆڕکردنو جوڵە خستنی ئەو پانتاییە نادیارەی رۆشنبیریی کوردییە، جوڵە خستنی قەڵەمە جیدییەکانی رۆشنبیری کوردییە، ئەوانەی کە

دەیانەوێت لە سەر بنەمایەکی مەبدەیی پەیوەندی پێکهاتەکان بخەنە نێوگومان و کەوانەیەك بۆ بیرکردنەوە بڕەخسێنن.

ئاوڕدانەوە لە فرۆید، ئاوڕدانەوە لەو فیکرەی کە تاکو ئێستا وەك ڕەگەزێکی چالاك لە بونیادی شارستانیدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و لە خانە بنەڕەتییەکانی ژیاردا کاریگەریی تایبەتی خۆی جێهێشتووە، ئاوڕدانەوە لەو فیکرەو بە بیرهێنانەوەو وەرگرتنی هەموو ماناکانی بە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەوە، گوتمان بە باشی و خراپییەوە بۆ ئەو گوتەیەش پەنا بۆ (د. عەلی وەردی) دەبەین چونکە لە (مهزلة العقل البشری) دا دەڵێت: شارستانییەت پارچە پارچە ناکرێت و ناکرێ لە دڵەڕاوکێ و کوێرەوەرییەکەی بپاڵێوین و داهێنان و نوێکارییەکەی بپارێزین، بەو مانایەش فیکر (گشتێکە) کە دێتە ناو کۆمەڵگەوە پەرت پەرت ناکرێ و هەموو باشی و خراپییەکانی بە یەکەوە دەهێنێت و دابڕینی ئەو باش و خراپیانە لە یەکتری شتێکی مەحاڵە، کاتێك هەر فیکرێکیش دێتە نێوەوە ناچار دەبین واز لەو هەموو ئاسوودەییە دەروونییە بهێنین کە لە ڕابردوودا جێگیر ببوو.

لـه لایـەکی دیکـەوە ئەگـەر بپرسـین لـە پانتـایی رۆشـنبیریی کوردیـدا (مـارکس‌و فرۆیـد) و هـەموو بیرمەندەکانی دیکە چۆن بیریان لیکراوەتەوە، یان بە مانایەکی دیکە ئیمە تاکو ئیستا توانیوومانـە چـەند جۆرج تەرابیشی‌و عەبدولرەحمان بـەدەوی‌و مسـتەفا مەسـناوی‌و مجـاهد عـەبدولنعم مجـاهدو.....مـان هـەبێ. رەنگـە لـەم حالەتـەدا دووبـارە بکەوینـە هەلسەنگاندنی رۆلی رۆشنبیر و سـەیرکردنی چـەمکی رۆشـنبیر لـە نـاو کۆمەلگـەی کوردیـدا، کـاتیکیش دەکەوینە ئـەو حالەتـەوە ئیشکالییەتەکە دواجار لـە دەرەوەی نـاکردەی کوردییـەوە ملکـەچی سیسـتەمە جیاجیاکانی واقیعی داگـیرکراوو نۆرمـی چەسـپاوو لەویشەوە چەمکی کوردی‌و کاردانەوە دەروونییەکانی ئەو چەمکە دەبین.

رۆشنبیری پەککەوتەی کوردی وەك جەستەیەکی حەرام لە بەرامبەر جەستە بـە هـیزو توندرەوەکانی داگیرکـەر بـە ناچـاری لـە دەرەوەی کایـە مەعریفییەکانەوە وەهمیك بۆ خۆی‌و ئـایندەی خۆی بەرز دەکاتەوە، هەر لەویشەوە بـە پیـی نـاکردە یـەك لە دوا یەکەکانی خۆی لە نیو ئەو وەهمەو بێ ئاگا لە هـەموو پیشـکەوتنە یـەك لـە دوا یەکـەکانی خـەو

دەیباتـەوە، بـەو مانایـەش سستی رۆشـنبیری کـوردی ڕاسـتەوخۆ بـەو وەهمـەوە پەیوەسـتە، نـاکردەی کوردیش له هەموو ئاستەکانی ژیاندا لـه ژێـر هـەمان کاریگـەری دەناڵێنـێو لـه بـه هـێز کردنـی هـەمان یەقینو نۆرمی سەپێنراودا پەنگدەخواتەوە.

ڕۆشـنبیریی کـوردی ئـەو ڕۆشـنبیرییە جێگـیرو سـڕبووەیە کـه بەرامبـەر لافـاوی فیکـرو فەلسـەفەو شارسـتانییەتو ژیـاری ئـەمڕۆی دنیـادا بـەو هـەموو سستییەی خۆیەوە دەیەوێت گوڵبژێری شته باشەکان بکاتو لەگەڵ واقیعیشـدا بیگونجێنـێ، هـەر لـه توێـی ئـەم کۆمیدیایـه ئـاڵای یـەکبوون و تـەبایی‌و هـاوڕایی بەرز دەکاتەوەو پێ لـه سـەر ترادیسـیۆنە نـەگۆڕەکان دادەگـرێو بـەردەوام پەرۆشـی گـوێ گرتنـی چـیرۆكو ئەفسـانەکانی بـەر ئاگردانـەو لەوێشـەوە بـه سـەبری (ئەیوب) بەرەو نەمری هەنگاوە سستەکانی هەڵدەنێ.

ڕۆشنبیری کوردی له خەونو خـەیاڵ پلاوەکـانیدا دەژیو هـەرگیز پێویسـتی بـه بیرکردنـەوەو خـەمی بیرکردنـەوە نییـە.. هیـچ جـۆرە بیرکردنەوەیـەك بـه خـەمی خـۆی نازانـێ، لـێرەوە دەشـێ ئـەو وەرگێڕانـە کورتە هەوڵێك بێ یان وەبیرهێنانەوەی هـەوڵێك بـێ، چونکە بە دڵنیاییەوە هێنانە ناوەوەی (فرۆیـد) هـەر

تەنها بە دەرگا كردنەوە مەیسەر نابێ، هەروەك چۆن تاكو ئێستا دەرگامان بەرووی (ماركس) كراوەیە، كەچی هیچ خوێندنەوەو دەرئەنجامێكمان بەرامبەر ئەو فیكرە بە دەست نەهێناوەو نەمانتوانییوە لە دوتوێی ئەو مەعریفە دەوڵەمەندە جوڵەیەك بخەینە نێو پانتاییەكانی ژیانی كوردی، یان بە مانایەكی دیكە ئەگەرچی مەعریفە مۆدێرنەكان لێمانەوە نزیكن، بەڵام دواجار بە هەمان بنەمای سەلەفییەوە گوتارە لەكار كەوتووەكانمان رادەگەیەنین، كەواتە رۆڵی سەرەكی رۆشنبیری كوردی هەر تەنها هێنانە نێوەوەی (ماركس‌وفرۆید) نییە بەڵكو خوێندنەوەو بەرهەمهێنانەوەی چەمكی دیكەیە بۆ خودی ئەوانەو بۆ وەجوڵەخستنی واقیعی چەسپاوو ناخی منی كوردی، بۆ هێنانە گۆی نەگوتراوە پەنهانەكان‌و وەگوڕخستنی میكانیزمی بیركردنەوە، یان بە مانایەكی دیكە بە كارخستنی پانتاییەكانی ژیانی كوردییە لە ژێر رۆشنایی‌و خوێندنەوەی چەمكە نوێیەكانی سەردەم.

دوا گوتەمان بەر لە خوێندنەوەی ئەو وەرگێڕانە: خوێنەران ئاگادار دەكەمەوە كە لە هەڵبژاردنی بابەتەكەدا هەوڵمداوە لە سەر یەك هێڵ

(فرۆیـد) بخەمــە روو، تــاکو لــە خوێندنــەوەدا هــەم زانیارییەکە ســادەو ســاکارتر وەدەسـت بـهێنین و هـەم هەست بە پەرتبوون نەکەین.

دواجار ماوە بڵێم ئەم بابەتە وەرگـێڕدراوەی بـەر دەستتان بەشێکە لەوکتێبەی کە (قاسم حسین سالح) بە ناوی (الانسان.. من هو؟ ١٩٨٦ – بغداد) کە لە سەر کۆمەڵێ رێبازو قوتابخانەی دەروونــی نووسـیویە، مـن لێرەدا تەنـها بەشـێك لـەو کتێبـەم وەرگـێڕاوە کـە لـە سەر (فرۆید) ە.

**وەرگێڕ**

## گفتوگۆ لەگەڵ فرۆید

ئەگەر نموونەیەك لەو كتێبە گرینگانەی كە لە سەر فرۆید نووسراون وەرگرین دەكەوینە بەر كۆمەڵێك دیدوبۆچوونی لێكجیاوازو سەرسووڕهێنەرەوە، هەندێ لەو دیدو بۆچوونانە (فرۆید) وەك شۆڕشگێڕێ دەخەنە بەر چاو كە لە ڕووی خزمەتكردنەوە بە بارتەقایی (ماركس) بۆ سەدەی نۆزدەم خزمەتی بە سەدەی بیستەم پێشكەش كردووە، هەروەك ترسناكیشی لە خودی ماركس كەمتر نەبووە، لە هەمان كاتدا دیدو بۆچوونی دیكە هەیە كە فرۆید بەو كەسە دادەنێن كە گورزی كوشندەی لە ماركسییەت وەشاندووە، هەندێكی دیكەیان فرۆید بە ڕەخنەگری بوێری ئەخلاقی بۆرژوازی لە قەڵەم دەدەن، كەلە پێناو ئەخلاقی نوێدا هەوڵی داوە، هەندێكی دیكە بە گوزارشتكەری بۆرژوازییەتی (ڤییەننا) ی سەدەی بیستەم وەسفی دەكەن، بەڵام هەندێكی دیكەیان وەك خوانەناسێك كەئامانجی لە ناو بردنی ئەخلاق و ئایین بووە دەیخەنە ڕوو.

کەچی هەندێکی دیکە وای دەبینن کە هەر لە سەردەمی (ئەرستۆ)ەوە هەتا ئێستا بیریارێك نەیتوانییوە وەك (فرۆید) لە سروشتی مرۆڤایەتی بگات، ئەویەکێکە لەو توێژەرانەی کە راژەیەکی نادیاری پێشکەش بە رۆحی ئادەمیزاد کردووە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا یەکێك بووە لە گەورەترین ناحەزانی یۆتۆپیا، ئەو سەدە نوێیەش لە رووی گەشەی عەقڵیو میزاجیەوە کەسێکی وەك فرۆیدی بەخۆوە نەدیوە، بەڵام لایەنە نەیارەکەی وادەبینن کە ئەوەی فرۆید وەدەستی هێناوە شێوەیەکە لە شێوەکانی تەعبیرکردن لە ناعەقڵانییەت، فرۆیدییەت بە ناحەزی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدەن، چونکە لای ئەو شەڕی کۆمەڵایەتی شتێکی گومانلێنەکراوە، هەروەها فرۆید بڕوای وایە کە لە رەفتاری تاکدا پاڵنەری دەروونی رۆڵی سەرەکی دەبینێ، لە هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی فرۆیددا یەکێك لە دیدو بۆچوونەکان بە رەشبین تاوانباری دەکات، لە هەمان کاتدا ئەوانیدیکە لە (فرۆید) دا مژدە بەخشێك لە شێوازی (کارل مارکس) دەبینن.

ئەگەر ئەو هەڵوێستانە لە دەرەوەی بزاڤی فرۆیدییەوە بێ ، ئەوە لە بزاڤی فرۆیدییەوە کۆمەڵێك شەپۆلی وەك چەپڕەو و راستڕەووکۆنزەرڤاتیڤ خۆیان دەخەنە روو، ئەو شەپۆلانەش لە نێوان خۆیاندا یەکتری تاوانبار دەکەن بۆ نموونە: راستڕەوەکان فرۆیدە چەپڕەوەکان بە ڕوخسارە سایکۆلۆژییەکەی مارکسییەت دەژمێرن، کەچی مارکسییەت خۆی هەموو ئەو ڕێبازانە رەتدەکاتەوەو بە میسالی لە قەڵەمییان دەدات.

فیکری عەرەبی هەڵوێستی لە بارەی (فرۆید) ەوە یەکلا نەکردۆتەوە، وەك چۆن لە هەندێ لە زانکۆکانی ئەوروپادا شیکردنەوەی دەروونی وەك دیراسەکردنو پراکتیك دەخوێنرێ، یان وەك چۆن لە( یەکێتیی سۆڤیەتی جاران) کتێبەکانی (فرۆید) جا چ دیدو بۆچوونە راستەکان، یان هەڵەکان بێ، هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە قەدەغە کراوە.

ئەو لێکۆڵینەوەیە لە رێگەی کۆمەڵێ پرسیاری گریمانکراوەوە بنەماکانی فیکرو تیۆری فرۆید ئاشکرا دەکات، ئەگەر خودی ئەو پرسیارە گریمانکراوانەمان راستەوخۆ لە خودی فرۆید بکردایە بنەماکانی هەمان ئەو وەڵامانەمان دەست

دەکەوت کە ئێمە لە کتێبەکانییەوە بۆ پرسیارە گریمانکراوەکان هەڵمانهێناوە.

**پ/ با لە پرسیارێکی تەقلیدییەوە دەست پێبکەین، لە سەرەتاکانی ژیانی فرۆید؟**

فرۆید: لە (٦)ی مایسی(١٨٥٦) لە (ڤریبرگ) ی شاری (مۆرافیا) لە دایك بووم، لە تەمەنی چوار ساڵییدا بەرەو (ڤییەننا) کۆچمان کرد، هەر لەوێش بەدوای خوێندندا چووم بە تایبەتی تینووی خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان بووم، هەروەها کتێبی پیرۆز کاریگەریی دیاریکراوی بە سەرمەوە هەبوو، ویستم (یاسا) بخوێنمو ژیانی خۆم بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی تەرخان بکەم، بەڵام تیۆرەکەی (داروین) زۆر سەرنجی راکێشامو مژدەی لە گەردوون (کەون) گەیشتنی پێبەخشیم، هەروەها بەر لەوەی قوتابخانە تەواو بکەم دێتەوە بیرم کە گوێبیستی وتارێکی (گۆتە) بووم دەربارەی سروشت، وتارێکی جوان بوو، هەر ئەوانە وایان کرد کە بڕیاری خوێندنی پزیشکی بدەم، پاشان لە ساڵی (١٨٧٣)دا لە زانکۆ وەرگیرام.

**پ/ ئەوە وادەگەیەنێت کە تۆ مەیلی خوێندنی پزیشکیت نەبووە؟**

فرۆید: بەڵێ نه ئەو کاتو نـه دواتریـش حـەزم له پیشەی پزیشکی نەدەکرد، بـەڵکو زیـاتر حـەزم لـه پزیشـکیی دەروونـی بـوو، بۆیـه بەرامبـەر خوێندنـی پزیشـکی زۆر کەمتەرخـەم بـووم، هـەر ئـەو کەمتـەر خەمییـەش بـووه هـۆی ئـەوەی پلـەی دکتۆراکـەم بـۆ سـاڵی (١٨٨١) دواکـەوێ، ئینجـا دوای سـاڵێك وەك پزیشـکێکی ( موقیـم ) لـه نەخۆشـخانه کەوتمـه کـار کـردن، دوای چـەندان ساڵ لـه کـار کـردن کۆمـەڵێك توێژینـەوەی ئـەکلینکیم لـه بـارەی کۆئـەندامی دەمـاریی بـڵاو کـردەوە، ئینجا بـەرە بـەرە شـارەزاتر بـووم‌و توانیـم شـوێنی تووشـبوونی هـەوکردنی دەمارگیریی وردی له (نخاعی مستطیل) دیاری بکەم.

پ/ ڕەنگە ئەوە سەرەتای ناوبانگی تۆ بێت؟

فرۆید: تـا ئـەو کاتـەی کـه کۆمـەڵێك وانـەم بـه دکتـۆره ئەمریکییـەکان دەگوتـەوە، هیـچ شـتێکم لـه بارەی نەخۆشییه دەمارییەکان نـەدەزانی، تـا جـارێك بۆ خەڵکانێك باسی نەخۆشییەکم کرد که بـه دەست سەرئێشەی بەردەوامەوە دەیناڵاند ئەو نەخۆشییه به هەوکردنی درێژ خایەنی مێشك وەسـف دەکـرا، بـەڵام مـن بـه نەخۆشـییەکی دەمـارییم چوانـد، هـەر ئـەوە

بـووە هـۆی ئـەوەی خەڵکەکـە بـڵاوە بکـەن‌و بـە دژم بوەستن.

**پ/ ئێمـە دەزانیـین تـۆ لـە سـاڵی (١٨٨٥) پاداشـتێکی مـادی گـەورەت پێـبڕا بـۆ ئـەوەی بـۆ دیراسـەکردن بـەرەو (پـاریس) بکەویتـە ڕێ، لـەوێش پزیشـکی بـەناوبانگ (شارکۆ)ت ناسـی، ئایـا ئـەو شـتە نوێیـە چـی بـوو کـە لـە (شارکۆ)و (پاریس) فێری بوویت؟.**

<u>فرۆیـد:</u> ئـەو شـتانەی کـە لـەو ماوەیـەی لەگـەڵ (شـارکۆ) دا کاریگـەرییان بـە سـەرمەوە هـەبوو، دوا لێکۆڵینـەوە بـوو دەربـارەی (هیسـتریا) ئـەو لێکۆڵینەوانـە دانییـان بـەوەدا نـا کـە(هیسـتریا) گوزارشـتێکی سروشـتییەو گوزارشـتە یاسـاییەکانی (وەرن خواوەنـد لێرەیـە) ڕێکوپێکییـان دەخـات، هـەروەك پاشـان دەریانخسـت کـەپیاویش زۆرجـار دووچاری ئەو نەخۆشیە دەبێت، ئەمەش پێچەوانـەی بیروڕای باو بوو، چونکە نەخۆشی (هیستریا) یان بـە نەخۆشی ئافرەتان دەژمارد – ئەو کات گرژبوون‌و لـە کار کەوتنی هیستریانەیان بە هۆی سروتی نووسـتنی موگناتیسی چارەسەر دەکرد، بەڵام ئەو شـتانەی ئـەو کـات لـە (شـارکۆ) فـێر بـووم ئـەمڕۆ هـەموویان ڕاست نیین.

**پ/ دوای گەڕانەوەت لە ( ڤییەننا ) ساڵی ١٨٨٦ و خواستنی ( مارتا برنایس ) وەك هاوسەری ژیانت کە چوار ساڵان لە چاوەڕوانی تۆدا بوو ، وەك پسپۆڕێك لە نەخۆشیە دەمارییەکان ناسرایت و دکتۆر ( بروير ) ت ناسی کە ئەو کات یەکێك بوو لە دکتۆرە زیرەك و ناودارەکانی ( ڤیەننا ) هەر لەگەڵ ئەویش کتێبێکتان بە ناوی لێکۆڵینەوە دەربارەی هیستریا بڵاوکردەوە ، بەڵام دواتر بە هۆی جیاوازی بیروڕاتان دەربارەی راڤە کردنی هیستریا لێك جیا بوونەوە ، ئایا ئەو جیاوازیانە چی بوون؟**

فرۆید : ( بروير) پیّی وابوو هیستریا بارێکە بۆ فسیۆلۆژیا دەگەڕێتەوە ، وای دەبینیّ ئەو پرۆسانەی لەگەڵ چارەنوسی باری دروستی هاوسەنگ نایەتەوە لە حاڵەتە دەروونیە ناسازەکانەوە دروست دەبن و دەشیّ لە حاڵەتی نووستنی موگناتیسی دەستی بۆ ببرێت، چونکە لەیەك دەچن . بەڵام من بڕوام بە بوونی هێزێك هەبوو کە لەم نێوانەدا کار لێك دەکەن ، هیواو خەونەکانیش لەسەر ئەو شتانە کار دەکەن کە لە ژیانی ئاساییدا روو دەدات ، بەمجۆرە ( هیستریای خەواندن ) لای ( بروير) لەگەڵ تیۆرەکەی من (دەمارگیری بەرگری) کەوتە دژایتییەو ە ، لێرەدا دەمەویّ ئاماژە بەوە بکەم کەمن

دوای جیا بوونەوەم لە ( برویر ) بۆ (ماوەی دە ساڵ) لە گۆشەگیری خۆمدا مامەوە، پاشانیش بەرهەمەکانم ئەوە بوون کە لە ( ڤیەننا ) و دەرەوە بڵاوکرانەوە.

**پ / پە نجەت بـۆ ( دەمارگـیریی بـەرگری-نیۆرۆسیست عصاب ) راکیشا ، ئایا چۆن دەمارگیریی راڤە دەکەیت، ئایـا شێوانێکە لە هەڵچوونی دەروونی – فسیۆلۆژی- یان چی ؟.**

فرۆیـد: ئـەوەی لـە دیـاردەی دەمارگـیری‌دا دەکەوێتەوە، هیـچ یـەکێك لـەو شـێوان‌و هەڵچوونانـە نییـە، بـەڵكو شـێوانێکە بـە بـارە سێکسـیەکەوە پەیوەستە، جا چ کێشەیەکی سێکسی هەنووکـەیی بـێ یـاخود لـە دەرئـەنجامی شـارەزاییە سێکسـییەکانی قۆناغی زووی منداڵییەوە بێت.

**پ/ تـۆ بـە هـۆی ئـەوەی کـە هیسـتریا بـۆ پاڵنـەرە سێکسییەکان دەگەڕێنیتەوە راستەوخۆ بەو مانایە دەچیتەوە سەر یەکـەم سـەرەتاکانی پزیشکی( ئـەفلاتون ) ئـەو کاتـە ( پزیشکی ) یان بە زانستێك دادەنا کە رەنگـی خۆشەویسـتی ( ئیرۆس ) و ئارەزووەکانی جەستەی لە خۆ دەگرت؟.**

فرۆیـد : مـن بـە راشـکاوانە ئـەو کارگەرییـەم راگەیاند پاشان لە هیستریاش گوزەرم کرد، دەستم بە فەحسی ژیانی سێکسیی ئەو نەخۆشـانە کـرد کـە بـە

کۆمەل بۆ عیادەکەم دەهاتنو حالەتی نیوراستانیایان هەبوو.

بەمجۆرە ئاماژەم بەوەکرد کە دەمارگیری بە گشتی دەلالەت لە شیوانی وەزیفەی سیکسی دەکات، ئەوەی کە پیشی دەگوتری (دەمارگیریی فیعلی) دیاردەیەکی راستەوخۆی حالەتیکی بە ژەهراوی بوونە کە لە دەرئەنجامی شیوانەوە دیتە ئاراوە، لە کاتیکدا دەمارگیریی دەروونی دەلالەت لە دیاردە دەروونییەکان دەکات. ئەو دەرئەنجامەش بۆ ویژدانی زانستی من بە باشی کەوتۆتەوە. من لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کیشە دەروونییەکانو گریّ دەمارگیرییەکان لە نەخۆشی (نیوراستیا) ناخەمە لاوە، بەلام ئەوەی لیرەدا دەبینریّ ئەوەیە کە دیاردەی ئەو نەخۆشانە هۆکەی دەروونی نیە، بەلکو ژەهراوی بوونیکە راستەوخۆ لە شیوانی کیمیاویانەی سیکسیەوە دروست دەبیت ، هەر بە پیّی ئەو بۆچوونانە بە تیۆری چەپاندن گەیشتم .

**پ/ ئایا ئەوە دەلالەت لەوە دەکات کە تۆ یەکەم کەسی دەرکت بە چە پاندن کردبیت؟**

فرۆید: تەواو وایە، پرۆسەی چەپاندن داهێنانێکە پێشتر بەمجۆرە لە ژیانی دەروونی قسەی لێ نەکراوە، بە بۆچوونی من تیۆری چەپاندن بەردی بناغەی نەخۆشیە دەماریەکانە. بۆیە لەسەرمان پێویستە تێروانینمان بۆ ئەرکی چارەسەرکردن بگۆڕین، چونکە "دەمارگیری" پرۆسەکانی چەپاندن کەشف دەکاو کۆمەڵێك پرۆسەی عەقڵئامێز لە شوێنی دادەنی کە دەشێ بە قبوڵکردنی ئەوەی کە پێشتر ریسوا کراوە تەواو ببێ، یان بە تاوانبارکردنی. من دواتر لەوەرگرتنی ئەو ئاراستە تازەیەمدا وازم لە شێوەی پاککردنەوە (التطهیر) بۆ پشکنینو چارەسەرکردن هێناوە لە بری ئەوە بەشیکردنەوەی دەروونی ناوم نا.

**پ/ ئایا لای تۆ وەزیفەی سێکسی لای منداڵ گۆڕانکارییەکی گریمانکراوە، یان تۆ بە شێوەیەکی پراکتیکی پێت بەخشیوین؟.**

فرۆید: هەر لە سەرەتای ژیانی تاکەوە وەزیفەی سێکسی بوونی هەیە، بەڵام من لە رێگەی پێگەیشتوانەوە بەو دۆزینەوەیە گەیشتم، دوا جار (هەر لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٨ و دواتر ) توانیم بە شێوەیەکی باشتر بە دوایدا بچمو تێبینی راستەوخۆ

لەسەر منداڵان تۆمار بکەم، بە راستی ئاسانە مرۆڤ قەناعەت بە بوونی چالاکیەکی سێکسی لای منداڵ بهێنێ، تا بواری ئەوەی نەبێ بە سەرسوڕمانێکەوە بپرسێ: چۆن رەگەزی مرۆیی توانی لە غافگیرکردنی حەقیقەتەکانو لە باوەڕهێنان بە ئەفسانە نزیکەکانی دەروون، ئەفسانەی ناسێکسێتی منداڵ بە درێژایی ئەو زەمەنە سەربکەوێ.

**پ/ باشە ئەی خەون؟**

<u>فرۆید:</u> جێبەجێکردنێکی رازیکەرانەی ئارەزووە چەپێنراوەکانە، خەون وەك هەر دیاردەیەکی دەمارگیریی هەوڵی گونجاندنی نێوان پاڵنەرە چەپێنراوەکانو (بەرگریکردن)ی خود لە خۆ دەگرێت، ئەوەش نموونەیەکی جوانە بۆ ئەو پرۆسانەی کە لە چینەکانی ناوەوەی نەستو دەروونەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

**پ/ بەر لەوەی هەنگاوێکی دیکە بەرەو پرسیارکردن بهاوێژین لە میانی قسەکانتدا بۆمان دەرکەوت کە پرۆسەکانی بەرگریکردنو چەپاندنو لاشعور، هەروەها بەهای ژیانی سێکسی لە بەڵگە هێنانەوەی نەخۆشیداو گرینگیو شارەزایی لە قۆناغەکانی منالیدا هەموو ئەمانە**

**بەرەگــــەزە ســــەرەکییەکانی ( شــــیکردنەوەی دەروونـــــی ) دەژمێردرێن.**

فرۆید: بەراستی وایە..

**پ/ لەکتێبەکــــەت ( ســـێکس )دا دەڵێـــی: بـــــۆ مـــــن وادەردەکەوێت کــە گەشـەی سێکسـی لـەمرۆدا پێویسـتی بـە راڤـەکردن نـەبێت، بـە پێچەوانـەی ئـەوەی کـە لـە ئـــاژەڵ جێبـەجێ دەکـرا، ئـەوەی کـە لـــە تاکــەکاندا بــۆ زیـــاتر بەرکـەماڵ بــوون وەك وروژێنــەری دڵـەڕاوکێ دەردەکــەوێت، دەشێ وەك دەرئـە نجامی غـەریزە سـەرنەکەوتووەکان، ئـەو غەریزە سەرنەکەوتووانەی کە لە رۆشنبیریی مرۆییدا بـەها بەرزەکانی لە سەر بونیاد نراوە حاڵی بین. باشـە داهێنــانی هونەری چۆن دەبینی؟.**

فرۆیـــد: بەرزکردنـــەوە کردارێکـــە راســـتەوخۆ بەرەو داهێنانمان دەبات، کاتـێ ئـارەزوە سێکسـییەکان لە ژیانی و اقعییدا ڕێگەیان پێدەگیرێ، ئەوە ئەو هێزە ڕێڕەوەکــــەی خـــۆی دەگـــۆڕێو بــــەرەو بـــــوارە پەســـــەندەکانی کەســـــایەتیو کۆمەڵایـــــەتی لـــــە چالاکییـــــەکی دیکـــــەدا بـــــەکار دەبرێـــت ئـــــەویش ئەفراندنو داهێنانی هونەرییە، لێرەدا پەیوەندی لە نێوان دوو پاڵنـەردا دەبیـــنرێت، یــەکێکیان پاڵنـــەری بابەتەکەیـەو ئـەویتر شـەرتیەتە – الشــبقی- (شـەڕت

زاراوەیەکــــە بـــــەکاردەهێنرێ لــــە نووســــینەکانی شیکردنەوەی دەروونــی بـۆ بەڵگـە لەسـەر هـەڵچوونی سێکسـیو لـەزەتی سێکسـی، بــەمانای بــە کارهێنــانی لەزەتی سێکسی بە هەرشێوەیەك بێ لەلایەن تاکــەوە، ئـەم ناونانـە لـەناوی "ئیرۆس"ەوە وەگــیراوە-خــوای خۆشەویســتی لای گریکــەکان- بڕوانـــە قامووســـی دەروونناســی – عــەبدولقادر تاهــیر شــەریف- چــاپی یەکـــەم ١٩٨٥- بـــەغداد ل٧٠ ) هەمیشـــە پاڵنـــەرە شـــەڕتیەکان بـــە پێـــی ڕەوتـــە کۆمەڵایەتییـــەکان ناپەسەندنو بەرەو چـەپاندن دەبرێـن، ئینجا دواتـر ئەو چەپاندنە بە هۆی گۆڕینـی بـۆ پاڵنـەرێکی دیکـە ((کـــە لـــێرەدا داهێنانـــە)) لـــە زیانـــەکانی دوور دەکەوێتەوە.

**پ/ کەواتە بە پێی ئەو بۆچوونەی تۆ هونەرمـەند وەك کەسێکی دەمارگیر تەماشا دەکەیت؟.**

فرۆیـد: هونەرمــەند لــەو واقیعــە ڕازی نییـــەو بـەرەو دنیـای خــەیاڵ هــەنگاو دەنــێ، بــەڵام لەگــەڵ کەسی دەمارگیر جیاوازە، چونکە هونەرمــەند دەزانــێ چ کاتێ شــتەکان لـە سـەر خـۆی دادەخـات، واتـە کـارە هونەرییـەکانو خــەون، تــێرکردنێکی خــەیاڵئامێزی

ئـارەزووە (شـعورییەکان) لـە خـۆ دەگرێــت، جیــا لــە دەرئــەنجامی خــەونی (نــێرگزی) چونکــە مەبەســت لێرەدا وروژانی ئــەویترە، ئـەو توانایـەش بـۆ وروژانو رازیکردن بەرچاو دەکـەوێت، وەك ئـەوەی کـە دەوری خودی ئارەزووە لاشعورییەکان لە خۆ بگرێت لـەوەش زیــاتر وەرگرتنــی لــەزەتی هەســتییە(حســییە) لـــە ئیســتاتیکا، ئــەوەی شــیکردنەوەی دەروونــی پێــی هەڵدەسێ دروستکردنی ئەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕیەیە کــە لــە نێــوان ژیــانی هونەرمــەندو شــارەزاییو بەرهەمەکاندا هەیە، خودی هونەرمەند پێکدەهێنێ.

**پ/ هاورِا لەگەڵ هەمان لۆژیك تۆ مناڵێتی (داڤنیشــی) بە سروشتی شــەرِتیەت لـە قەڵـەم دەدەیت، شـەرِتیەت بـە فاکتـەرێکی دیـاریکراوی رەفتــاری ئــەو دەژمــێریت، ئـایــا ســەرنەکەوتنی (لیونــاردۆ داڤنیشــی) لــە پەیوەندییـــە سـۆزگەریی، سێکسـی نموونـەیی، زەردەخەنـەی مۆنــالیزا، یـەکگرتنی مێیایـەتیو نێرایـەتی لــە تــابلۆی یۆحــەنای مەعمەدانی، هەروەها هەوڵە سەرەتاییەکانی کـە هەمیشـە خۆی بــە وێنـەکردنی روخســاری ئـافرەتی روو بـە پێکـەنین خــەریك دەکــرد، هــەموو ئەمانــە لای (داڤنیشـــی) چ دەگەیەنێت، ئایا بە پێـی -دیـدو بۆچوونـی تـۆ- بـۆ ئـەوە دەگەرِێتـەوە کـە داڤنیشـی بـە مێیایـەتی دایکییـەوە بـەند**

**بـووە، ئـەو دایکـەی کـە هـەر لـە سـەرەتای ژیـانی لێیجیـا بۆتەوە.**

فرۆیـد: (موتـر) لــە ســەر (داڤنیشــی) دەڵــێ:
لیوناردۆ داڤنیشی (وێنەی باخوسی ئـەپۆلۆی کێشاوە کە بە زەردەخەنە نادیارەکەی سەر لێوانو بـە قاچـە لـە ســەر یــەك دانــراوە نەرمــەکانیو بــە چــاوە ســیحراوییەکانی ســەیرمان دەکــات) ئــەو وێنەیــە دەلالـەت لـە نهێنییـەکی گوزەرکـەر دەکـات کـە مـرۆ ناوێرێ بچێتە ناوییەوە، مرۆڤ دەتوانـێ لـە زۆربـەی کـاتدا هـەوڵبدا پەیوەندییـەکی لـەمجۆرە بـە کـارە سـەرەتاییەکانی (لیونـاردۆ)وە بکـات، کەسـانی نێـو تابلۆکـانی نـێرەمووکن، منـاڵو ڕوو بـە پێکـەنین، بـە ناسکی دەخەنن، شێوەشیان لە مێینە دەکات، سـەریان دانـەنواندووە، بـەڵکو سـەرکەوتووانە سـەیر دەکـەن، وەك ئـەوەی لـە خۆشـییەکی مـەزندا بـنو بیانـەوێ بیشـارنەوە، ئـەو زەردەخەنـە بـاوو جوانـە بـەرەو نهێنییـەکمان دەبـات کـە بەرهـەمی خۆشەویسـتییە، ڕەنگـە (لیونـاردۆ) لـە ڕێگـەی هونـەرەوە بیـەوێ بـەزینو بەدبـەختی خۆشەویسـتی خـۆی بەمجۆرە داپۆشێ.

هـەروەها دەبـێ دڵنیـاش بـین کـە بـاوك لـە گەشەکردنی دەروونی سێکسی لیوناردۆ گرنگـی خـۆی هەیە، لەوەش زیـاتر خـودی ئـەو گرینگییـە لـە کـاتی ونبوونـی بـاوك لـە سـاڵەکانی یەکـەمی منداڵێتـی (لیوناردۆ)دا مانای نێگەتیڤ لـە خـۆ نـاگرێت، بـەڵکو ئامـادەیی بـاوك لـە دوا سـاڵەکانی منداڵێتـی گرینگیەکەی راستەوخۆ ترە، چونکە لەو کاتەدا باوك ناتوانـێ قەدەغـەی بکـات(منداڵـەو ئـارەزووی دایکـی دەکات) ئـارەزووی ئـەوە دەکـات کـە خـۆی لـە شـوێنی باوکی دابنێ، لـە خـەیاڵی خۆیـدا وای دانـاوە، دواجـار بایـەخی ژیـانی خـۆی لـە سـەرکەوتنی بـە سـەر باوکدا دەبینێ.

**پ/ کاتێ تۆ باسی ( داڤنیشی ) دەکـەیت تەنـها لایەنـە پاسۆگرافییەکە وەردەگریت، ئەوەش لایەنە داهێنانەکە لـە خۆ ناگرێت، چونکە رێبازی شیکردنەوەی دەروونـی ناتوانـێ پەی بە سروشتی کاری هونەری بەرێت؟**

فرۆید: راستە، بـەڵام پێویسـتە خـاڵێکی گرینـگ جێگیر بکەین ئەویش ئەوەیە کە هەر هونـەر مـرۆڤ بەرەو ئارەزووە لاشعورییەکان دەبات، ئەو بەرهەمەی کە دێتە ئاراوەش رازیکەرە یاخود ئەو ئارەزووانە لە پـای کـارە هونەرییـەکان تـێر دەبـن بـۆ نموونـە

(دیستۆڤیسکی) لە رووالەتی کەسێتییە سەرکەوتووەکانییەوە هونەرمەندێکی داهێنەر یان ئەخلاقی یان دەمارگیر دەکێشێ، ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کوشتنی باوك لە رۆمانی (برایانی کارامازۆف)و چارەنووسی خودی دیستۆڤیسکی دایە ناشی مرۆ بە هەڵە تێیبگات، خودی ئەو مەسەلەیە چەندان نووسەرانی ژیاننامەنووسی دووچاری حەپەسان کردووە، بۆیە بۆ ئەو پەیوەندییانە بە ناچاری بەرەو فوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی گەڕانەوە، فرمانی لە سێدارەدانی (دیستۆڤیسکی)یش وەك کەسێکی سیاسی فرمانێکی ناڕەوا بوو، ئەو بەمسۆگەری ئەو شتەی دەزانی، بەڵام بەرلەو سزایەی کە شایانی نەبوو و لەسەر دەستی باوکی بەدیلی "قەیسەر" چێژتی، لەبری ئەوە دەبوایە بەهۆی هەڵەکردنی لەبەرامبەر باوکی راستەقینەیدا سزای بەسەردا بسەپێنرایە، ئەو لەبری ئەوەی سزای خۆی بدا، بەهۆی باوکە راستەقینەکەیەوە سزا درا.

**پ/ کەواتە تۆ داهێنانی هونەری بە چەپاندنی سێکس و دەمارگیریی دەبەستیتەوەو گرێی ئۆدیب وەك گرێیەکی سەرەکی نەخۆشییە دەمارگیرییەکان دەژمێرییت، دانپییانانی (گرێی ئۆدیب)یش دواجار بووە پرەنسیپێکی بنەرەتی شیکردنەوەی دەروونی و لەو رێگەیەوە خۆی لە**

**نەیارەکانی جیاکردەوە، هەروەها تۆ وای دادەنێیت کە گرێی ئۆدیب ترۆپکی چالاکییە سێکسییەکانی منداڵ لە خۆ دەگرێت، هەر ئەویش لە دەرئە نجامدا کارێکی یەکلاکەرەوە لە چالاکییە سێکسییەکانی قۆناغی دواتر دەگێڕێ، هەموو کەسێکیش یەکە مجار دەگاتە ئەو ئەستێرەیەو رووبەرووی زاڵبوونی گرێی ئۆدیب دەبێتەوە، ئەو گرێیەی کە بە ناوەرۆك و جەوهەری دەمارگیریی دەژمێردرێت، هەر کەسێکیش لەم بارەدا دووچاری سەرنەکەوتن ببێتەوە دەبێتە نێچیری نەخۆشییە دەمارگیرییەکان، دواجار بڕیار دەدەیت کە گرێی ئۆدیب لە ژیانی ئێمەدا وا پێدەچێ دوا حوکمی ترسێنەر بێ، چۆن بەو حوکمانە گەیشتیت؟.**

**هەر بەو بۆنەیەشەوە تۆ لە منداڵیی خەونت دیووە کە پەیکەرێکت بۆ کراوەو لە سەری نووسراوە (هەر کەسێ مەتەڵی ئەبو هۆل هەڵبێنێ، بە تواناترین پیاوە).**

<u>فرۆید:</u> ئۆدیب پاشا دەکەوێتە ژێر پێناسە تراژیدییەکانی چارەنووس و دەڵێن: کاریگەری ئەو تراژیدیایە لە نێوان خواوەندی بە تواناو هەوڵی مرۆڤ بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڕەشە نەفرەتلێکراوەکانی بە دژ دەکەوێتەوە، ئەوەی دواجار لە دیمەنی شانۆکەدا دەردەکەوێت ملکەچ بوونە بۆ فرمانەکانی خواوەندو داننانە بە بێهێزی مرۆڤ.

کەواتە ئۆدیب پاشا هاوچەرخمانەو دووچاری هەژانمان دەکات، هەروەك چۆن گریکەکانی هەژاند، ئێستا ڕاڤەکارییەك بۆ ئەمانە لە ئارادا نییە، جێکەوتەی دژایەتییەکانیش ناکەوێتە نێوان تواناو ئیرادەی مرۆڤ،بەڵکو دەبێ نهێنی ئەو واقیعە لە سروشتی ئەو مادەیەدا دەست لێبدەین کە ئەو هاودژییە دەخاتەوە، ئەو پێشبینیە -هەر کە لەدایك دەبین- بە سەرماندا دەڕژێ، ئەو بانگەشەیەی کە ڕژایە سەری لەوانە چارەنووسی هەموومان بێ، کەیەکەم چالاکی سێکسی بەرەو دایك بەرین، یەکەمین ڕقو وێرانکردنیش بەرەو باوك بکەینەوە. خەونەکانیشمان هەر وامان پێدەڵێ کە ئەفسانەی ئۆدیب پاشا لە سەرچاوەی خەونێکی کۆنو هەمیشەییەوە هەڵقوڵاوەو پەیوەستە بەو شێوانە پڕ ئازارەی کەدەست بە سەر پەیوەندی منداڵو باوکدا دەگرێ ئەویش لە ڕێگەی غەریزە سێکسییە سەرەتاییەکانەوە، ئەوەش وەك لە دەقە تراژیدییەکەی (سۆفۆکلس)دا دەبینرێت، کەواتە ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەو خەونە کە لە حەقیقەتی کۆمەڵێ کەسەوە هەڵقوڵاوە بێ ئەوەی ئەو مانایە بگەیەنێت((چەندان کەس لە خەونەکانیاندا لەگەڵ

دایکیان راکشاون بەڵام دواجار واقیع وای لێکردوون کە پشت گوێی بخەن)) ئەمڕۆش هەروەك ئەوكات زۆرانێك ئەو خەونە دەبینن زۆر ئاسایشە کە پەی بەوە بەرن کە ئەو خەونە کلیلی تراژیدیای کوشتنی باوك لە خۆ دەگرێت.

چیرۆکی ئۆدیب پاشا وەڵامدانەوەیەکە لە خەیاڵەوە بۆ ئەو دوو خەونە چەشنئامێزە، هەروەها ئەو خەونانەی کە گەنجە پێگەیشتووەکان دەیبینن کۆمەڵێك هەستی بێزاری لەگەڵدایە، دەبوایە ئەفسانەکە لەناو خۆیدا سلکردنەوەو کەوتنە نێو ئازاری بگرتایە، بەڵام سەرچاوەی گۆڕینی ئەوەی کە پاشان دێ جارێکی دیکە بەشێوەیەکی لابەلاوهەڵەپیایدا دەچێتەوە، ئامانجیشی ئەوەیە بۆ مەبەستی لاهوتی بەکاری بهێنێ.

**پ/هەندێك وای دەبینن کە بایەخی ( شکسپیر ) لە نووسینی تراژیدیادا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ( شکسپیر ) لە نێوان خۆیو ژیاندا هەستی بە بۆشاییەکی قووڵ کردووە، چونکە ئەو ژیانەی کە ئەو تیایدا ژیاوە دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی پتەو دەکرد. کەچی تۆ ( هاملێت )ی شکسپیر ملکەچی هەمان گرێی ئۆدیب دەکەیت... ئایا هۆیەکانی دڵەڕاوکێی هاملێت لای تۆ چییە؟.**

فرۆید: هۆیەکانی ئەو دڵەڕاوکێیە چییە، ئەوەیە کە بە وشە دەرنابڕدرێت، بۆیە هەوڵی بێ ژمارو درێژم بۆ ڕاڤەکردنی داوە، لە دیدی (فیلهم مایشتر) ئەسڵی هاملێت (گۆتەیە) ئەو تەرزە لە پیاوان هەتا ئەمڕۆش زاڵن، ئەوانە چونکە گەشەی عەقڵییان گەشەیەکی زیاد لە پێویستە، بۆیە توانای کارکردنی ڕاستەوخۆیان گێڕە. لە دیدێکی دیکە شاعیر ویستی وێنەی نەخۆشێکمان نیشان بدات کە خەریکە دووچاری "نیوراستانیا" دەبێ، بەڵام شانۆنامەکە وامان نیشان دەدات کە هاملێت زۆر لەوە دوورترە لە وێنەی مرۆڤێکدا دەربکەوێت کە هەموو توانایەکی بۆ کارکردن لە دەست داوە. ئێمە دەبینین دووجار کاردەکات یەکەمیان لە شۆڕشێکی کتوپڕ کاتێک لەو گوێگرە دەدات کە لەپشتی پەردەوە لەسەر کورسی دانیشتووە، دووەمیان بە ئەنقەست و بگرە فێڵبازییەوە کاتێک هەردوو قاچی بۆ مەرگ دەنێرێ کە ئەو خۆی پیلانی بۆ داناوە، لەمەدا هەموو بێئەخلاقیە زگماکیەکان نیشان دەدا کە دەشێ لە ئەمیرێك لە ئەمیرەکانی ڕێنیسانسدا هەبێت.

ئایا چی وای لێدەکات کە بەمجۆرە هەڵوێست وەرگرێ‌و ئەرکەکانی تارمایی باوکی بە جێ بهێنێ؟

وەڵام: جاریکی دیکە لە سروشتی تایبەتی ئەو ئەرکەدا دەبینین، هاملیت دەتوانێ لەگەڵ هەموو شتیکدا بیت تا تۆڵە لەو پیاوە بکاتەوە کە باوکی لاداوەو شوینی ئەوی لای دایکی گرتۆتەوە. کەواتە ئەو پیاوەی کە دیتە بەر چاوی دەلالەت لە جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی منداڵیتی ئەو دەکات، بەمجۆرە ئەوەی لای ئەو دەبیتە تارمایی‌و بەرەو تۆڵە سەندنەوە پالی پیوە دەنیت‌و ئازاردانی ویژدانی‌و ترسی ویژدانی بیر دەخاتەوە بە هیچ وشەیەك چارەسەر ناکرێ، هەڵەیەکە بارتەقای سزادانی دەوەستێ، من کاتیك ئەوە دەڵیم ئەو دەستەواژە شعورییە تەرجەمە دەکەم کە هەتا ئیستا بریارە لە لاشعوری خودی پاڵەواندا جێ بمینێ.

ئەگەر هەندێ بیانەوێ هاملیت بە "تووشبوو بە هیستریا" بانگ بکەن، هیچ شتێ نادۆزنەوە. بۆیە هەر دەبێ تەسلیمی ئەو دەرئەنجامانە بن کە لە راڤەکردنەکانی منەوە دەردەچێ، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ژیانی سیکسی جوانترین پەیوەست بوونی هاملیت‌و ئۆفیلیایە، ئەو لەیەکدی دوورکەوتنەوەیەیان بەردەوام لە چارە نووسراوە، لە سەرەخۆ بە دریژایی سالەکان لە خودی شاعیر دا

مەحکەم دەبیت تا لە (تیمونو ئەتینی) بە چلەپۆپەی تەعبیر کردن دەگات.

ئەوەی کە لە هاملیت پەی پیدەبەین ژیانی دەروونی (شکسپیر)ە من ئەوە لە کتیبی (جۆرج براندس ١٨٩٦) تیبینی دەکەم کە دەلێ: شکسپیر ئەو شانۆگەرییەی لە کەفو کولی مردنی باوکییەوە (١٦٠١) نووسیووە، واتە ئەو کاتەی کە خەم بە توندی بە سەریدا دادەباری، ئەو کاتەی کە لە ناخی خۆیدا لە نویوە بە دوایدا گەرا- بۆمان هەیە وا گریمانەی هەستکردنی مندالآنەی بەرامبەر باوك بکەین- هەروەها ئەو شتانەی کە ناسراوە ئەوەیە باوکی شکسپیر لە تەمەنیکی کورتدا مردووە، ناوی (هامنت) ی هەلگرتووە، ئەوەش لەگەلٚ هاملیت یەك دەگریتەوە.

**پ/ بە پیی ئەو بۆچوونەی تۆ (ئۆدیب)ی (سۆفۆلیکس)و (هاملیت)ی (شکسپیر)و (برایانی کارامازۆف)ی (دیستۆفیسکی) دەکەونە ژیر یەك بابەت، ئەویش کوشتنی باوکە، پالنەریش بۆ ئەو کوشتنە بۆ ئافرەت (دایك) دەگەریتەوە.**

فرۆید: بە راشکاوییەوە هەموو ئەو شتانە بۆ ئەو تراژیدیایە دەگەریتەوە کە لە ئەفسانەی یۆنانییەوە وەرگیراوە، لەویشدا دەبینین کە خودی

پالـەوان ئـەو تاوانـە ئـەنجام دەدات، ئـەو شـتـەش يـان بونيادى ئەنجامدانى تاوانى كوشتنى باوك رەنگـە بـێ شـيكردنەوە تـــۆزێ قـــورس بكەويتـــەوە، تراژيديـــا يۆنانييەكە بەرە بەرە لەگەڵ پاراستنى تـاوان بـەرەو پيشەوە دەچێ، هـەروەها بـە شـيوەيەكى هونـەرى لـە ريگەى كەوتنى پالنەرە لاشعورييەكانى پالـەوان بـارى گوزارەكـان وەك پيويسـت سـوك دەبـن، كـەچى لـە راسـتيدا بـە هـۆى نـابوودى چـارەنووس پالـەوان بـێ ئەوەى نيازى هەبيت تاوانەكە بە ئەنجام دەگەيەنيت، ئـەوەش بەروالـەت دەكەويتـە ژيركاريگـەرى ئـافرەت، هـەروەها هۆيەكـە بـۆ بـەخاوەنبوونى دايـــك، دواى ئەوەى لەو مارەى كـە پيـى دەگوتريـت بـاوك رزگـارى دەبيـت، بـــەلآم پالـەوان دواى ليكدانـــەوەى تاوانەكـە بـەرەو شـعور دەگەريتـــەوە، بـێ ئـــەوەى هـەولێ بـۆ ليبووردنى خۆى مەيسەر بكات يان بێ ئەوەى فـرتو فيلێ بـۆ ئـەو مەسـەلە بدۆزيتـەوە تـا لـە خـەمى چـارەنووس رزگـارى ببيـت، ئـەو ملكـەچى تاوانەكـە دەبيتو سزايشى بە سەردا دەسەپينرێ، وەك ئـەوەى لە ئاستى شعورى تەواودا بيت، بە پيـى عـەقلى ئيمـە ئـەوە سـتەمە، ئەگـەرچى لـە بـارى سـايكۆلۆژييەوە راسـت بيـت. بـەلآم لـە شـانۆى هـامليت نوانـدن ئـەو

جۆره راستەوخۆییه له خۆ ناگریت، پالەوان خۆی به تاوانەکـه هەلناسـێ، بـەلکو ئـەوەی تاوانەکــه ئــەنجام دەدا یــەکیکی دیکەیــه، تاوانەکــه بــه نیســبەت ئــەو تاوانی کوشتنی باوك ناگەیەنیت.

پالنــەری راســتەڤینەی بەربــەرەکانی سشیکســی لەسەر ئافرەت پاشان پیویستی به سوك کـردن نییـه، ئیمه گریی ئۆدیب لای پالەوان له باریکی پیچەوانەدا دەبینین، کا تێ دەزانین کاریگەری واقیعی لەو تاوانەی کــه یــەکیکی دیکــه ئــەنجامی دەدا بــەر پالــەوان دەکەویت. هەر دەبێ تۆله لەو تاوانه بکریتەوە، بەلام به (شیوەیەکی سەیر) خۆی به پەککەوتــه دیتــه بــەر چـاو، وەك دەزانـین ئـەوە بـۆ هەســتکردن بــه تــاوان دەگەریتەوە، بەو مانایــەش هەسـتکردن بـه تـاوان بـه ریگەیــەکدا دەروا کــه تــەواو لەگــەڵ پرۆســەکانی دەماگیریی یەك دەگرنەوەو بیتوانـایی ئـەنجامدان لـه خـۆ دەگـرن، لـیرەدا پالـەوان هـەر وەك تـاکیکی بـەرز هەسـت بـه تـاوان دەکـات، ئـەوەش بـه بەلگەکانــەوە بـەندە، هـەر وەك چـۆن رقی لـه خـۆی دەبیتـەوە بـه هەمان شیوەش رقی له ئەوانیدیکـه دەبیتـەوە، بـەلام (برایــانی کارامــازۆڤ) لــەو ئاســتەدا نییــه بــەلکو هـەنگاویکی دوورتــر دەهــاویژێ، هــەروەها لەویشــدا

تاوانەکە بە دەستی مرۆڤیکی دیکـە ئـەنجام دەدریـت، بـەڵام ئـەو کەسـەی تـر بـە کەسـە کوژراوەکـەوە پەیوەسـتە وەك پـەیوەندی منداڵی کـە (دیمـتری) بـە خۆ یەوە دەبەستیتەوە، پاڵنەری بەرانبەرکیی سیکسی بە راشکاوانە لە کەسەکەی دیکە دانی پیدادەنـریٚ کـە ئـەویش بـرای پاڵەوانـە، لـیرەدا دیستۆڤیسـکی دانـی بـەوەدا نـاوە کـە بـاری نەخۆشـییەکەی (فـیٚ) یـان دەمارگیرییەکەی هۆی ئەنجامدانی کوشـتنی بـاوك لـە خۆ دەگریت.

**پ/ باشە با لـیرەدا بـەرەو بابـەتیکی دیکـە بچـین، بـۆ بەشیکی تر ئەویش ئافرەتـە، ئایـا رات بەرامبـەر ئـافرەت چییە؟.**

فرۆیـد: لـە میـانی خـەریك بوونمـان بـە شیکردنەوەی دەروونی بۆم دەرکەوتووە کـە ئافرەتـان لە کاتی منداڵیدا بە شیوەیەکی بـەرفراوان دووچـاری ئـازاردان بوونەتـەوە(بـەهۆی هەڵەیـەك کـە ئـەوان ئـەنجامییان نـەداوە) وەك بابـەتیك دەسـت بەسـەر جەستەیاندا گیراوە، وەك ئافرەت چاویـان لیدەکریـت کـە هەمیشـە کـچ دەخەنـەوە لـە بـری ئـەوەی کـور بخەنەوە.

**پ/ ئەی خۆشەویستی؟**

**فرۆیـد:** لـە نیـوان ژیـانی خۆشەویسـتی ئیمـەو پیش ئیمە (کۆنـەکان) جیاوازی هەیـە، ئـەویش بـەو حـەقیقەتەوە بەندە کە کۆنەکان بە خودی غەریزەوە پەیوەست دەکات، بـەڵام ئیمـە گرینگـی بـە بابـەت دەدەیـن، کۆنـەکان غـەریزە مـەزن دەکـەن، ئـەوان هەموو بابەتیك لە پیناو غەریزەدا بچوك دەکەنـەوە، بەڵام ئیمە چالاکییـە غەریزییـەکان لـە خـودی خـۆی بچوك دەکەینەوە، لەم بوارەدا ئەوەی کـە بـە نـەمری ماوەتەوە ئەو تیۆرەیە کە (ئەفلاتوون) لە سـەر زاری (ئەرستۆتالیس) لە کتیبی (المادبة) دایناوە، ئەو تیۆرە چارەسـەری ئەسلی غـەریزەی سیکسی دەکـات، نـەك هەر هیندەش بەلکو ئیشکالییەتەکانیش ئەوانەی کـە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە دەخاتە روو دەڵیت: سروشـتی مرۆڤـی رەسـەن وەك ئیسـتا نـەبوو، بـەلکو تـەواو لەگـەڵ ئیسـتا جیـابوو، پیشـان خـەلك دابەشـی سـێ جـۆر دەکـرا نـەوەك دوو جـۆر کـە وەك ئیسـتا هەیە، ئەو سێ جۆرەش پیکهاتبوو لـە رەگـەزی نـیرو میو رەگەزی سییەم لە تیکەلەیەك لە خەسلەتەکانی نیرو مێ پیکهاتبوو، لەم خەلقندەی بەراییدا هـەموو شتیك دووانەیی بوون، لە هەر یەکیك چـوار دەسـتو

چوار پـێو دوو روخســارو دوو ئــەندامی زاوزێ... هـەبوو، تـا ئـەو کاتـەی کـە (زیـوس) بریـاری دا ئــەو خەلقندەیە دابەشی دوو بەش بکریت، ئینجا ئـەوەی دوای ئەو دابەشکردنە روویدا ئەوە بوو هەر بەشـێك لـەو دوو بەشـە حـەزی لـە بەشــەکەی دیکــە دەکــرد، ئەگـەر بـە یـەکتر بگەیشـتانە بـە تونـدی باسـکیان لـە یـەکتر وەردەهینـا وەك ئــەوەی هــەولی یەکگرتنــەوە بدەن، ئەو دەسلەملانەیە دریژەی دەکیشاو بـەمجۆرە دەمانەوە تـا بـە هیمنـی لـە برسـان دەمـردن، چونکـە هەر بەشەو بە تەواوی هەموو بەشەکانی ئەویدیکەی لە باوەش دەگرت).

لیرەدا بۆمان دەردەکەویت کە خۆشەویستی وەك غەریزەی ژیان هەر لە سەرەتای ژیانەوە کاری خـۆی کـردووە، پاشـان بەرامبـەر ئـەو غەریزەیـە غــەریزەی مردن دەرکەوتووە، لەمەشەوە مەتەلەکانی ژیانمان بۆ روون دەبیتــەوە، بــەمجۆرە هــەر لــە ســەرەتای خەلیقەتەوە دوای ئەو دوو غەریزەیە کەوتووین.

**پ/ بـە پیـی غـەریزەی ژیـانو مـردن لـیرەدا زانایـەکی ئـەلمانی بـە نـاوی (وایزمـان١٨٣٤-١٩١٤) تیۆریکـی هەیـە تیایدا هـەولی داوە راڤەکارییـەکی بـایۆلۆژیانـە پیشکەش بکات، تۆش بـەو زانـا بـایۆلۆژییـە سەرسـامییت، ئـەو زانـا**

**ئەلمانییە مادە زیندووەکانی دابەشی دوو لایەن کردووە، لایەنی فانیو لایەنی نەمر، لایەنی فانی لە بەرتەسککردنی واتادا جەستە دەگەیەنیت، بەلام خانەکانی زاوزێ نەمری لە خۆدەگرنو لە دەرفەتی لە باردا تاکیکی نوێ دروست دەکەن، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە خۆی بە جەستەیەکی نوێ دادەپۆشێ. (وایزمان) جیاکاری لە نیوان ئەو لایەنە کردووە کە لیی دەنووسرێ مردن ئەویش جەستەیە بەلام ئەوەی لە تیۆری (غەریزە)ی تۆ دایە دوو جۆرت لە یەکتر جیا کردۆتەوە -ئەویش غەریزەی ژیان کە غەریزەی سیکسی لە خۆ دەگریت لەگەڵ غەریزەی مردن، ئایا ئەوەی تۆ پیشکەشی دەکەیت ئەلتەرناتیفیکی دینامیکی تیۆری (وایزمان)ە؟**

<u>فرۆید</u>: بەلێ راستە، بەلام ئەوەی لەو بارەوە گەیشتۆتە ئیمە ریگەیەکی جیاوازە لەوەی کە (وایزمان) دەربارەی گیروگرفتی مردن هەلیگرتووە. (وایزمان) تەنها بە نیسبەت بوونەوەرە خانە زۆرەکانەوە جیاوازی لە نیوان جەستەی فانیو خانەی زاوزیدا دەکات، بەلام لە بوونەوەرە تاک خانەکاندا، ئەوانەی خانەی جەستەیی زاوزییان تاکە هیچ جیاوازییەك نادۆزیتەوەو جیایان ناکاتەوە، (وایزمان) وای بۆ دەچێ کە بوونەوەرە تاك خانەکان بە هیزەوە نەمرن، مردن تەنها لە بوونەوەرە خانە

زۆرەكانـەوە بـە دیاردەگـەویت، یـان مردنـی سروشـتی بە چەمكی (وایزمان) تەنها بە گیانـەوەرە باڵاكانـەوە پەیوەسـتە، بـەم واتایـە مـردن شـتێك بـووە لـە چاخەكانی دواییدا بوونەوەران پێیان زانییووە.

**پ/ تۆ دەمارگیریی زۆرلێكردن( قـەهری ) وەك ئـایینێكی شێوا و تەماشا دەكەیت، ئەگەر ئایین بە دەمارگیریی قەهری بژمێردرێت ئایا بەو مانایە تۆ بڕوات بە ئایین نییە؟**

فرۆیـد: ئێمـە هـەولمان داوە شـوێنێ لـە مێـژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بۆ ئایین دیاری بكـەین، بـۆ ئەوەی نەمری لـەخۆ بگرێت، بـەو پێیـەش هاوشـانی نەخۆشی دەروونی دەكەویتەوە كە مرۆڤی شارسـتانی هـەر دەبـێ لیـی گـوزەر بكـات، ئـەویش بـە پێـی ئـەو گەشـە سـەندنەی كـە لـە منداڵییـەوە تـا تەمـەنی پێگەیشـتن دەیـبڕێ، شـیكردنەوەی دەروونـی دیـدی ئایین بۆ گەردوون(كەون) ڕەتدەكاتەوەو بە كـەمزانی پەككەوتـەیی منداڵـی پەیوەسـتی كـردووە، هـەروەك نـاوەرۆكی مانەوەشـی بـە ئـارەزووە پێداویسـتییەكانی منداڵییـەوە پەیوەسـت كـردووە، ئـەو ئـارەزووەش تـا تەمەنی پێگەیشتن درێژ دەبێتـەوە، ئـەوەش هـەرگیز بـەتاڵ كردنـی ئـایین ناگەیـەنیت، بـەڵكو ئـەوەی بـە

نیسبەت زانیارییەکانی ئیمە گرینگە ئەوەیە کە ئیمە دژی ئـایین نیـین، تەنـها ئـەو کاتـە نـەبیت کـە ئەسلەکەی بۆ خوا دەگەرینەوە.

**پ/ ئەگەر میژووی سەهەرلدانی غەریزەی ژیان و مردن- لە بۆچوونی تۆ- بۆ ئەو ساتەوەختە بگەریتەوە کە ژیان لە تویی مادەیەکی مردوودا فوی پیادەکریّ، ئایا میژووی سەرهەلدانی ئایین لە کویوە دەست پیدەکات؟.**

فرۆید: ئەو ویناکردنە سەرەتاییانەی گەردوون و گەرانەوە بـۆ ئـیرادەی مـادە بـیّ گیانـەکان لـە واقیعـی دەروونییـدا بـە بیروڕایـەکی زیدەرۆیانـە تەماشـا دەکریـت، پرەنسـیپی (توانـای رەهـای فیکرەکـان) کـە رۆلی خۆی لە بنەمای سیحر دەبینیت، مـن خـالّ بـە خـالّ لەگـەلّ دەمارگـیریی زۆرلیکـردن بـەراوردم کـردوون و دەرکـەتووە کـە زۆربـەی پیگـە سـەرەتاییەکانی ژیـانی دەروونـی تـاکو ئیسـتاش لـەو شـیوانە سـەیرەدایە، بـەلام ئـەوەی بـە زۆر بـەلای تەوتەمییەتدا رامدەکیشیّ -یەکەم شیوازی سیستەمی کۆمەلایـەتیی خیلـە سـەرەتاییەکانە- ئـەو شـیوازە سەرەتاییەی سیستەمی کۆمەلایەتی کە لەگەلّ ئایینی سـادەدا یـەك دەگریتـەوەو بـە توونـدی کۆنـترۆلی هەندیّ لە قەدەغە کراوەکان دەکات، لەو سیستەمەدا

بوونــەوەری پــیرۆز هەمیشــە ئــەو گیانلەبەرانــەن کەخیل وابانگەشــەی دەکات کـە لـەخۆی کەوتۆتـەوە، زۆر بەلگە هەیە سەلماندوویەتی کە هەموو رەگـەزیك لەرەگـەزەکان پلـەی بـالآتری هەرچییـەك بـێ بــە مسۆگەری بە قۆناغی تەوتەمیـەت تیپـەریووە، خـالی سەرەتای من بریتی بوو لەو بەرامبـەر کییـە دیـارەی نیـوان هـــەردوو ئــەو مەســـەلەیەی کــە تەوتەمیــەت قەدەغــەی کــردوون، واتــە (حـــەرامکردنی گۆشــتی تەوتـەمو قەدەغـە کردنیهـەموو بـە یەکگەیشـتنیکی سیکسـی لەگــەلّ هــەر ئــافرەتیکی خــودی هۆزەکــەی تەوتـەم) رەگــەزی گریــی ئۆدیــب (کوشــتنی بــاوكو تەماشـاکردنی دایـك وەك ژنـی خـۆی) لـیرەدا هینــدە نــەماوە کــەبریاری ئــەوە بــدەم کوشـتنی بـاوك نــاوکی تەوتەمییەتـەو خـالی سـەرەتایە لـە دروســت بوونــی ئایین.

**پ/ با لە سیاسەت بدویین ((فلهلم رایش)) یـەکیك بـوو لــەهاوریێ نزیکــەکانی تــۆ ، ئــەو کاتــە لــە کۆمەلــەی شیکردنەوەی ڤیەننا سالی ١٩٢٠ ئەندام بـوو، بـەلاّم دواتـر بە هۆی سیاسی لیکدابران، چونکە (رایش) ئەندامی حزبـی شیوعی نەمسا بوو، پاشان ئەندامی حزبی شیوعی ئەلمانی بوو، بەلاّم لە بــەر ئـەوەی بـەدژی شـۆرش لـە قـەلمییان دا**

**بریاری دەرکردنیان دەرکرد، ئایا بزوتنـەوەی شیکردنەوەی دەروونی هەلویستیکی سیاسی دیاریکراوی هەبوو، هەر بـەو بۆنەشەوە (براون) بە یەکیك لە راویژکەرانی بورژوازیـەتی ڤیەننا لە قەلەمت دەدا، لەو کاتەشدا بوو کە (رایـش) بـە شۆرشگیرو رەخنـەگری ئـەخلاقی بـورژوازی تـۆی پیناسـە دەکرد، لە سەر رۆلی سیکس لە ژیانی مرۆڤو گەشـە کردنـی کۆمەلایەتی لەگەلّ تۆ بە شیوەیەکی گشتی تـەبا بـوو، تـۆ غـەریزەی سیکسـی بـەو دەسـەلاتە برسـییەی تـاكو کـۆ دەچوینـی، زۆر جـارانیش میـژووی گـەلان بـە خۆشەویسـتی زاوزیـوە بـەند دەکـەیت، (رایـش) هـۆی جـەنگی گـەورەی جیـهانی بـۆ ژیـانی تـیر نـەکراوی سیکسـی قەیسـەرو ئەرستۆکراتەکان دەگەراندەوە...**

فرۆیـد: لـیرە پیویسـتە سـێ پرسـیار وەلام بدەمەوە، رایشو سیکسو مارکس، ئـەوەی دەربـارەی سـیکس لـە سـەرەوە قسـەی لیکـرا پـەیوەندی بـە بۆچوونـی منـەوە هەیـە، نـەیارەکانم دوای کۆتـایی جـەنگی گـەورە لـە سـالی ١٩١٨ رایانگـەیاند کـە رووداوەکانی جـەنگییان بـە بەلگـەی یەکلاکـەرەوەی نکۆلیکردن لە شیکردنەوەی دەروونییەوە خستە بـەر چاوو دەیـانگووت: دەمارگیری جـەنگ سـەلماندی کـە فاکتـەرە سیکسـییەکان وەك پیویسـت لـە شـیوانی دەمارگـیریی کـەم ناکەنـەوەو سـەرکەوتنییان لـەم

بارەوە کرچو کالە. چونکە لە لایەك هیچ کەس نەیتوانی شیکردنەوەیەکی تەواو بۆ حالەتەکانی دەمارگیریی جەنگ بداتە دەستو نەیانتوانی تایبەتمەندی پالنەرەکان بناسن، لەو نەزانییەشەوە هیچ دەرئەنجامیکیان بە دەست نەهینا.

بەلام بە نیسبەت (رایش) من بەریوەبەری نووسینی گۆڤاری نیودەولەتی شیکردنەوەی دەروونی بووم، لیکۆلینەوەیەکم لە رایش وەرگرت، بەلام خۆی زۆر دوودڵ بوو لە بلاو کردنەوەی، لەبەرئەوە بە ناوی گۆڤارەکەوە ئەم چەند دیرەمان لە بەرایی نووسینەکەیدا نووسی((لیرەدا دۆخیکی تایبەتی هەیە وا لە پەخشکار دەکات کە سەرنجی خوینەر بۆ خالیك رابکیشێ کە زۆرجار خۆی بەدەستەوە دەدات، ئەو لاپەرەیە لە دووتویی پابەستبوونی بە شیکردنەوەی دەروونی ئازادییەکی تەواو بە نووسەرەکانی دەدا کە بیرو را تایبەتییەکانی خۆیان رابگەیەنن، بێ ئەوەی ئەو گۆڤارە لە ناوەرۆکی بابەتەکان بەر پرسیار بیت، بەلام بە نیسبەت ئەو بابەتەی دکتۆر (رایش) ئیمە دەمانەوێ خوینەران ئاگادار بکەینەوە کەوا نووسەری ئەم وتارە ئەندامی حزبی بەلشەفییە هەروەك ئیستاش دەزانرێ کە

بەلشـــەفییەکان ســـنووربەندییان خســـتۆتە ســـەر لیکۆلینەوە زانستییەکان هەروەك پیشتر کەنیسە پیی هەلدەسا)).

بەلام بە نیسبەت مارکسییەت هەندێ مەسەلە کە لە تیۆری مارکسدا هەیە و لەگەلْ بۆچوونی من نامۆ دەکەویتـەوە وەك دەلیـن: گەشـــەکردنی شـــیوەکانی کۆمەلگـە دەکەویتـە ژیـر یاسـایی سروشـتییەوە، ئـەو گۆرانکارییانـەی کـە چینـە کۆمەلایەتییـەکان لـە خـۆ دەگریت دەرئەنجامی پرۆسەی جەدەلیو لۆژیکییە کە لـە نـاوەوەی چیینەکانـــەوە دیتــە دی، مارکســییەکان دەیانـــەویت چینـــەکان لـــە کۆمەلگـــەدا بـــەرەو ململانییەکی میژوویی بـەرن، ئـەو ململانییـەی هـەر لـە میـژووەوە لـە نیـوان هـۆزە جـۆر بـە جۆرەکانـەوە سەری هەلداوە، ئەو هۆزانەش جیاوازییەکی زۆر کەم نـەبێ لـە نیوانییـاندا نییـە، بـــە بۆچوونـــی مـــن جیاوازییە کۆمەلایەتییەکان جیاوازی بنەرەتی نیوان هۆزەکانە یاخود نیـوان وەچەکانـە، بـەلام ئـەوەی کـە سەرکەوتن بۆ فاکتەری دەروونی دەگەرینیتـەوە بـری ئـەو شـەرانگیزییە قەبـە کراوەیـە کـە لـە ئەسـلی دەروونـدایە، یان یەکگرتوویی نیـوان تاکـەکانی هـۆزە، هـــەروەها فاکتـــەری مـــادی وەك چـــەك باشـــتر

رایدەپەرینیت، ئەگەر لە ئاستیکدا کۆمەلە هۆزیکی جیاواز بە یەکەوە بژین سەرکەوتووەکان بە مەزنو دۆراوەکان بە خوین ریژ لە قەلەم دەدەن، هەموو ئەوانەش ئاماژە بە یاسایی سروشتی یان پیشکەوتنی فیکری ناکەن.

لە لایەکی دیکە دەبێ دان بە کاریگەری ئەو مرۆڤە دابنیین کە لە هیزەکانی سروشت دەرباز بووەو کەوتۆتە نیو کاریگەری پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانەوە، هەروەها دۆزینەوە زانستییەکانیشیان قەبە کردووە وایان لیکردووە کە لە دژی یەکتر بەکاریان بهینن. دۆزینەوەی کانزاو برۆنزو ئاسن هەندێ لە سەدەکانی ژیاریی و ریکوپیکییەکەی ویران کرد، لە واقیعدا واباوە کە بارووتو چەکە ئاگر پژینەکان سوارچاکی ژیرەو ژوور کردوو بە سەر چینی ئەرۆستۆکراتیدا زالْ بوو، بەر لەوەی (روس) شەر بدۆرینێ ستەمی روسی لە ناو برد، چونکە چارەنووسی ژنو ژنخوازی نیوان خیزانە دەسەلاتدارە ئەوروپییەکانیش نەیانتوانی نەوەیەك لە قەیسەر بخەنەوە کە لە بەرامبەر هیزی تەقینەوەی(دینامیك) خۆی رابگریت.

**پ/ هەندێ کەس تیۆرەکانی تۆ بە رەشبینی لە قەڵەم دەدەن، بەڵگەشمان بۆ ئەوە کتێبەکەتە( ئایندەی وەهم ) ئایا فەلسەفەی ( نیتشەو شوبنهاوەر) کاریگەرییان بەسەرتەوە هەیە؟**

فرۆید: هاوریکییەکی گەورە لە نیوان فەلسەفەی (شوبنهاوەر)و شیکردنەوەی دەروونییدا هەیەو ناکرێ پشت گوێ بخریت، بەڵام من (شوبنهاوەر)م لەم دواییەدا خویندۆتەوە کەچی(نیچە) ئەو فەیلەسوفەی کە بۆچوونو پیشبینیەکانی یەکجار سەرسوورهینەرانەن لەگەڵ داهینانەکانی شیکردنەوەی دەروونیدا تەبا دینەوە، هەر لە بەر هەمان هۆش ماوەیەکی زۆر خۆم لیی بە دوور دەگرت.

**پ/ ئایا بروات بە ژمارە سیحرییەکان هەیە؟.**

فرۆید: بۆ نموونە

**پ/ حەوت، حەکیمەکان حەوتن، کەنیسەکانی ئاسیا حەوتن، ئەو شەوانەی کە نەتەوەی( عادی ) تیا لە ناوچوو حەوت بوو، ئاهورامەزدا کە زەرادەشت باسی دەکاتو تۆ پیی سەرسامی حەوت خەسلەتی هەبوو: روناکیو عەقلی باشو هەقو سولتانو لە خواترسانو چاکەو نەمری....**

راسـپاردەكانی كەنیسـە حـەوتن: گوێگرتنـی ڕۆژانـی یەكشەممەو جەژنەكان، دانپیانان بەهەڵەكان ئەگەر ساڵی جاریكیش بێ، وەرگرتنی قوربـانی ئەگـەر چـی لـە جـەژنی هەڵسـانەوەش بـێ ، چاكـەخوازی، دووركەوتنـەوە لـە خراپە... سـەمەرەكانی دنیـا حـەوتن، چاكـەكان حـەوتن، چراكانی كۆمیدیای خواوەنـد، ئـەو چرایانـەی ڕابەرایـەتی ڕزگار بوونی خـەڵك دەكـەن حـەوتن، مـۆری سلیمان حـەوت سەری هەبوو، لەلایەن هۆزی (بونیرۆ) دابونەریتی پـەیرەو دەكـرێ بـۆ تـۆ زۆر بـە گرینـگ دەكەویتـەوە-ئـەویش لـە هـەڵبژاردنی سـاڵانەی پاشـای سـاختە لـە هۆزیكـی دیاریكراودا یەكیك دەسنیشان دەكەن و وای دادەنین كە ئـەو كەسـە شـوینی كەسیتی پاشـای كۆچكـردوو پردەكاتـەوە، بۆیەش ریگەی پیدەدەن لەگەڵ خـیزانی پاشـای كۆچكـردوو لە هەمان پەرستگەی كە پاشای لی نیژراوە لەگـەلی جـووت ببێ، پاشـان دوای ئـەوەی حـەوت ڕۆژان دەسـەڵات دەگریتـە دەست دەیكـوژن، هـەروەها مانگـا بـێ نموودەكـان و خاكـە باشەكان، حەوتن، لە كتیبی ڕاڤەی خەونەكان- مانگاكـان حـەوتن، ئـەو خاكـەی كـە حـەوت مانگاكـەی خـوارد وەك ڕەمزی: بە ئەلتەرناتیڤی حەوت سـاڵ برسیتی دادەنریت، هـەروەها هـەر یـەك لـە خواوەندەكـان و پاشـاكان حـەوت ڕۆحییان هەیە. سفری ڕوئیا بیرمان دەخاتـەوە كـە خـوا لـە ڕۆژی هەڵسانەوە كتیبی چارەنووس دەكاتـەوە حـەوت مـۆری لی دەدا...

فرۆید: جگه له حەوت مۆر من هیـچ پـەیوەندیم به ژماره حەوتەوه نییه، مۆرەکانیش ئەمانەن: مـن‌و جۆنـزو ئانجۆن‌و ئابراهام‌و رانك‌و سـاكس‌و فرنـتزی. هـەر یـەك لەمانـەش بـەردیکی شـوینەوارەکانم کردوونەتـه دیـاری تـا مۆرەکـەی لی دروسـت بکـەن، ئـەوەش رەمـزی پەیوەسـت بوونـه بـه بزوتنـەوەی شیکردنەوەی دەروونی.

**پ/ من لەگەڵ تۆدام که پەیوەندیت به ژماره حەوتـەوه نییه، بەڵام پەیوەندی تۆ به ژمارەیەکی دیکـەی سیحری‌که ئـەویش سـێیه چییـه؟ چونکـه لـیرەدا سـیانییەك لـه تیۆرەکەتدا دەبینریت.**

فرۆید: چۆن؟

**پ/ ئەگەر بکریـت لەگـەلمدا بیژمیریت.. تـۆ کەسیتی مـرۆڤ دابەشـی سـێ بـەش دەکـەیت:ئیگـۆ، ئیـد، سـوپەر ئیگۆ((رەنگه ئەوەش پەیوەندی بـه خواوەنـدو کـورو رۆحـی پیرۆزەوه هەبیت)) عەقلیش له تیـۆری تـۆدا بـۆ سـێ بـەش دابەش دەکریت: شعور، پیش شعور، لاشـعور، ناوچـه حـەزە بزوینەکانی لەشیش سێیه: دەم، کـۆم، ئـەندامی زاوزێ،((بـەو بۆنەیـەوه لەبەرئـەوەی جگـەره بـەدەم دەگـیرێ، تـۆ دەیخەیته دووتویی حـەزه بزوینـی دەمییـەوه، یـان چونکـه سـوتەکی لـه پاش جێدەمینـێ بەحـەزه بزوینـی کۆمـی**

**دایدەنییت، هەروەها لەبەرشیوەکەشی بە ئەندامی زاوزێ لەقەلەمی دەدەیت)) قۆناغی گەشەکردنی سیکسی سییە: قۆناغی پیش زاوزێ، قۆناغی کپبوون، قۆناغی زاوزێ. گریی ئۆدیب سێ حالەتی هەیە: نیگەتیف، پۆزەتیف، سەرەوژێر. هەروەها پەیرەوو چاوتەنگو سەرسەخت سێ خەسلەتی بە یەکەوە ریكو پیکی کەسیتیین، پالنەرەکان سێ جۆریان هەیە: سادییەت، مازوشییەت، نیرگزییەت، ئایا ژمارەکان بوونە چەند؟.**

فرۆید: بوونە حەوت.

**پ/ باشە من راڤەکردنی ئەوەم ناوی، بەلام هەندێ تیۆرەکەی تۆ واوەسف دەکەن وەك ئەوەی مالیك بێ لیی نووسرابێ(هەر کەسێ دیتە ژوورەوە با هەموو لۆژیکێ جێ بهیلی) واتە پیوانە زانستییەکان لەگەڵ شیکردنەوەی دەروونی یەك ناگرنەوە، پاشان شیکردنەوەی دەروونی زانستی نییە، بەلکو تیکەلەیەکە لە شیمانەیی بە جۆریك فۆرمەلە کراوە کە بۆ هەندیك ماقول بکەویتەوە... ئایا رای تۆ چییە؟۰**

فرۆید: وادیارە ناحەزەکانم شیکردنەوەی دەروونی بە دەرئەنجامی وڕینەو خەیالەکانم دادەنین، سوورن لە سەر ئەوەی بروا بە کاری دریژ خایەنو بەردەوامو بێ لایەن نەهینن، کەمن پیی گەیشتووم.وەك ئەوەی کە شیکردنەوەی دەروونی

کاری بەوەدا نەبێ بە تیبینیو ئەزموونەکانی خۆی دەستیان بگرێ، بێ ئەوەی بەو تاقیکردنەوەیەدا بچن رەتی دەکەنەوە، بەلاّم ئەوانیدیکە ئەوانەی کە کەمتر بروایان بەو بەلگانە هەیە لە بەرگری کردندا فیلە کۆنەکان دەبیننەوە، مەبەستم ئەوەیە کە تیۆرەکە لە ریگەی میکرۆسکۆب رەتدەکەنەوە، تاکو دوور بکەونەوە لەو دیدەی کە نکۆلی لی دەکەن.

**پ/ بەلاّم لەکارەکانتا دەلیی:**

**( رەنگە هەندیکتان پرسیار لە بارەی راستی کارەکانم بکەن، وەلاّمی من ئەوەیە کە بۆ خۆم ئەوەندە لییان رازی نیم، ناشمەوێ بروام پیبکەن، بە دەستەواژەیەکی باشتر من رادەی بروا بوونی خۆم نازانم ) .**

فرۆید: لەگەڵ ئەوەش من کە سەیری کارە جیّبەجیّ کراوەکانم دەکەم خۆم وادەبینم کە زۆر دەرگام کردۆتەوە، زۆر لایەنم خستۆتە بەر چاو لەوانەش هەندێ شتی داهاتوو، چ زۆر چ کەم ئەگەرچی هەموو شتەکانم بیر ناکەویتەوە بەلاّم تکام وایە کە بە گشتی ریگەی پیشکەوتنی مەعریفەم بۆ مرۆڤایەتی بریبێ.

***سوپاس ئیستا هەولدەدەم بە کۆتایی ئەو شتانە بگەم.**

## گفتوگۆکردن لە سەر بنەماکانی تیۆری فرۆید

گفتوگۆکەمان لە بارەی تیۆری فرۆید لە سەر سێ بنەما وەستاوە ئەوانیش:

١- عەقڵ و کەسیتی.
٢- گرێی ئۆدیب.
٣- سێکس.

## عەقڵو کەسیتی

فرۆید عەقڵو کەسیتی دەکات بە سێ بەشەوە: شعور، پیش شعور، لاشعور، لاشعور کۆگای هەموو ئەو پالنەرە سەرەکییانەیە کە فرۆید پیی باشە بە لاشعور ناو زەدی بکات وەك برسیتی، تینویتی، سیکس، یان وزەی سیکسی(لبیدۆ).

بەڵام لە دوا دەست پیداهینانەوەی تیۆرەکەیدا غەریزە دابەشی دوو پۆلی سەرەکی دەکات ئەویش (ئیرۆسو ساناتۆس)ە، وشەی ئیرۆس (خواوەندی خۆشەویستی لای گریکەکان) بۆ ئاماژە کردنی هەموو شیوەکانی خەباتی مرۆڤ لە پیناو ژیاندا بە کار دەبریت، بەڵام ساناتۆس (خواوەندی مردن لای گریکەکان) نوینەرایەتی غەریزەی مەرگ دەکات، هەموو پالنەرە شەرانگیزو تیکدەرەکان دەگریتەوە.

شعور ئەو بەشەیە لە عەقڵ کە گەشە دەکاو پیشدەکەوێ تا خزمەت بە پەیوەندییەکانی تاكو واقیعی بابەتی (دنیای دەرەوە) پیشکەش بکات، هەروەها نوینەرایەتی پیش شعوریش دەکات، واتە ئەو (پانتاییە)ی کە دەکەویتە نیوان لاشعورو

یادگارییەکانی لە خۆ گرتووە، ئەو یادگارییانە دەشێ بە ئاسانی لە ریگەی شعورەوە بە بیر خۆمانیدا بهینینەوە، بەڵام یادگارییە چەسپاوەکانی لاشعور بە ئاسانی ناکرێ بە بیر خۆمانی بهینینەوە، هەندێ جاریش بیر هینانەوەی مەحاڵ دەبێ.

بەڵام کەسیتی لە سێ بەش پیکهاتووە ئەوانیش: ئید، ئیگۆ، سوپەر ئیگۆ، فرۆید گریمانەی ئەوە دەکات کە ئیگۆ کۆنترین بەشەو هەموو شتە بە میرات بۆماوەکانی هەر لە منداڵییەوە تاکو ساتەوەختی ئیستا لەخو هەلگرتبێ، بەردەوام وەك لەمپەریك روو بەرووی غەریزە بە میرات بۆماوە تیکەڵاوەکان دەوەستێ.

(ئید) تەوەرەی وجودی تاك دیاری دەکات، پرەنسیبی چیژیش حوکمی بە سەردا دەکات، ئامانجیشی تیرکردنی غەریزەکانە لە ریگەی پرۆسەی عەقلییەوە کە ملکەچی یاساو لۆژیك نەبێ، هەروەها بەهاو ئامانجیش لای گرینگ نییە. ئەو بەشە لە کەسیتی دەلالەت لە حەقیقەتی واقیعی دەروونی دەکاتو لە سەر هەمان بناغەش بونیاد نراوە. پالنەری داواکانەو عاشقی چیژە، بە دریژایی ژیان پاریزگاری لە منداڵیتی خۆی دەکات، منداڵیکی

بەناز، نادیار کە بە ئاسانی ناتوانرێ کەشف بکرێ، کۆگای وزە دەروونییەکانە ئەو وزانەی کە لە تیرکردنی بنەمای غەریزەکانی ژیانو مردن بە کار دەهینرێ.

بەلام ئیگۆ ئەو لایەنەی کەسیتییە کە لە دەرەوەی تویکلە چینی (ئید) گەشە دەکاتو خۆی لەگەڵ وەرگرتنو ناردنی وروژینەرەکان دەگونجینێ.

ئیگۆ وەك جێبەجیکەریك دەکەویتە نیوان دنیای دەرەوەو ناوەوە، واتە (ئید) بە پیی پرەنسیبی واقیع، واتە ئەوەی کە هەیە، کارەکانی خۆی رادەپەرینیت، بەلام وەك ئاشکرایە مرۆڤ هەر تەنها بە دوای چیژدا ناگەریت بەلکو بە سنووری ئەو واقیعەوە بەندە کە لە هەر ساتەوەختیکدا دەیدۆزیتەوە، بۆیە پیویستە کارە بە پەلەو راستەخۆکانی خۆی دوابخات لە پیناو چیژیکی دیکە کە بایەخی زیاترە، هەروەها ئەگەر مرۆڤ بیەویت بە دوای چیژدا بگەریت پیویستە واقیعی بیت.

ئەگەر داواکانی (ئید) لەگەڵ واقیعیدا نەگونجێ ئیگۆ بە چەپاندنیان هەلدەسێ، واتە وەزیفەی سەرەکی ئیگۆ (بەرگریکردنە لە کارو کەسیتیو لەگەڵ دەوروبەردەیگونجینێ، کیشەی نیوان

بوونـەوەرە زیندووەکانو واقیـع، یـان پێداویسـتییە نەیارەکانی بوونەوەری زیندوو چارەسەر دەکات).

بەڵام سوپەر ئیگۆ ئـەو بەشـەیە لـە کەسیتی کـە نوێنەرایەتی لایەنە ئەخلاقیو داوەرییـەکانی مـرۆڤ دەکـاتو بـە چـاو دێریکردنـی (ئیگـۆ) هەڵدەسـێ، هـەروەها فرمـانی پێدەکاتو راستی دەکاتـەوە، وەك باوك هەرەشەی سزادانی دەکات.

سوپەر ئیگۆ نوێنەرایـەتی ترادیسـیۆنو نـۆرمو نموونـەی بـاڵای کۆمەڵایەتییـەکان دەکـات، وەك چـۆن لـە باوکانـەوە بـۆ منداڵـەکان دەگوێزرێتـەوە، بـەو مانایەش (سوپەر ئیگۆ) دەشێ بە پارەییەکی دوو دیو بچوێنرێ کە رویـەکیان ویژدانـەو رووەکـەی دیکـەش منـی باڵایـە، ئـەوەش بـە سروشـتی سـزاو راسـتییەوە بـەندە کـە ئاراسـتەی منـداڵ دەکـرێ، هـەروەها وەزیفەکانی منی باڵا بـە داپلۆسـینی ئـەو مەیلانـەوە دیـاری دەکرێـت کـە لەگـەڵ کۆمەڵگـە ناگونجـێ، سـەرەرایی جیاوازییـەکان لـە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ کۆمەڵگەیـەکی دیکـە، بـەڵام حـەزە سێکسـییە شەرانگێزەکان دەگرێتەوە.

منی باڵا سەرەرای بارو دۆخو تواناکان کـەچی لـە پێناو گۆڕینی ئامانجە واقیعییـەکان بـۆ ئامـانجی بـاڵا

بە ئاراستەی گەران بە دوای کەمالدا لە ریگەی فشارەوە بەردەوام هەولی گۆرینی (ئیگۆ) دەدات.

فرۆید وای دەبینیَ کە ئیدو منی بالاَ سەرەرای جیاوازییە سەرەکییەکانیان کەچی لە شتیکدا بەشدارن ئەویش دەسەلاَتی رابردووە.

(ئید) نوینەرایەتی دەسەلاَتی بە میرات بۆماوە دەکاتو منی بالاَش نوینەرایەتی ئەو دەسەلاَتە دەکات کە لە خەلکەوە بۆ تاك ماوەتەوە.

بەلاَم (ئیگۆ) لە کارەساتە سروشتیو نەخۆشییەکاندا هەمیشە بە پیی شارەزاییو تایبەتمەندیتی تاك هەلسوکەوت دەکات.

## بایەخی ئەو تیۆرە:

چەمکی (ئید، ئیگۆ، سوپەر ئیگۆ) کۆمەلە چەمکیکی سەرەکیو یەکلاکەرەوەن لە تیۆری شیکردنەوەی دەروونیدا. ئەو پیکهاتەیە بە بناغەو گرینگترین ئامانجی شیکردنەوەی دەرونی دەژمیریت، بەو مانایەش رەفتار لای فرۆید لە پالنەریکی لاشعورییەوە هەلدەقولیَ، ئەو پیکهاتەیە، یان ئەو دابەشبەندییەی فرۆید لە نەخۆشییە دەمارگیرییەکاندا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە،

چونکـه حالـەتی چارەسـەرکردن لـە شـیکردنەوەی دەروونیـدا خـۆی بـۆ بـە هـیز کـردنو قولکردنـەوەی (ئیگـۆ) تـەرخان دەکـات، وەك ئاشکراشـە (ئیگـۆ) نوینەرایەتی کردنی مرۆڤ لە خۆ دەگریت.

## گریی ئۆدیب

گریـی ئۆدیـب ئـەو هەلویسـتەیە کـە منـداڵ لـە ماوەی مندالیتی کە لەگـەڵ دایـكو بـاوکی دەژی وەك دەرئـەنجامیکی یـەکلاکراوە ئاراسـتەیان دەکـات. لـە مـاوەی نزیکـەی (٥) سـالیدا منـدالـی (کـور) عەشـقی دایکـی دەبیـت، حـەز دەکـات لـە رووی جەسـتەییەوە بیکاتـە مـالی خـۆی، ئـەویش لـە ریگـەی ئـەو بینـینو مەزەنەکردنـە سـەرەتاییانەی ژیـانی سیکسـە کـە لەگـەلیدا دریـژ دەبیـت، هـەر لـەو کاتەشـدا رقـی لـە بـاوکی دەبیتـەوە چونکـە پییوایـە لـە سـەر دایکـی رقەبەرایـەتی دەکـات، لـە دەرئـەنجامدا ئـەو رقەبەرایەتییـە گرییـەکی دیکـەی لی دەسـازیّ کـە بـە گریـی (خەسـاندن) نـاو دەبریـت، گریـی خەسـاندن دەلالەت لە ترسی مندالـی نیرییـنـە دەکات بەرامبـەر بـاوك، بـەوەی کـە ئەگـەر حـەزی سیکسـی بەرامبـەر

دایکی بنوینێ باوکی بە برینی ئەندامی چووك سزای دەدات.

کاتیك کە منداڵ دەکەویتە قۆناغی ئۆدیب هەمیشە یاری بە ئەندامی چووکی خۆی دەکات، لە هەمان کاتیشدا خەیاڵ دەیباتەوە، هەروەها لەگەڵ دایکیدا بە هەندێ لەو کارانە هەلدەسێ کە ئەندامی چووکی تیا بە کار دەهینێ، بەڵام دواجار لە ئەنجامی هەرەشە لیکردنی بە خەساندن دووچاری شۆك دەبیت.

ئەو حالەتە لە کچدا بە پیچەوانە دەکەویتەوە، چونکە کچ مەیلی بە لای باوکیدا دەچێو لە دایکی دوور دەکەویتەوە، چونکە ئەویش لەگەلیدا بەشداری باوکی دەکات، جا چونکە کچ ئەندامی نیرینەی نییە بۆیە سروشتی دایکی وەردەگریتو بە دوای باوکی دەکەویت، ئەوەش بە گریی (ئەلکترا) ناو دەبریت.

## بایەخی ئەو تیۆرە:

فرۆید دۆزینەوەی گریی ئۆدیب وەك بەخششیکی مەزن تەماشا دەکاتو بە دۆزینەوەی ئۆتۆمبیلو کارەبای دەچوینێ، لە دوایین بەرهەمەکانیدا دەلێ:

(ئەگەر شیكردنەوەی دەروونی هەر تەنها بتوانێ شانازی بە دۆزینەوەی گرێی ئۆدیبەوە، بكات ئەوە خودی ئەو دۆزینەوەیە مافی ئەوەی پێدەدرێ كە وەك بە نرخترین شتێك كە رەگەزی مرۆڤ بە دەستی هێنا بێت سەیر بكرێت).

هەروەها فرۆید وای دەبینی كە گرێی ئۆدیب لە ژیانی ئێمەدا دواجار بە ترس مەحكومە. گرێی ئۆدیب وەك جەوهەری دەمارگیریی بریاری لەسەر دەدرێت، وەك دەردەكەوێت دانان بە گرێی ئۆدیبدا پرەنسیبێكی سەرەكییەو شیكردنەوەی دەروونی لە نەیارەكانی جیا دەكاتەوە.

## سێكس

فرۆید لە سێكسدا ئەوانە دەبینێ:

١-ژیانی سێكسی لە تەمەنی بالقبییەوە دەست پێناكات، بەڵكو راستەوخۆ دوای لە دایكبوونەوە بە ئاشكرا دەردەكەوێت.

٢ - ژیانی سێكسی بەو دەورانەدا تێدەپەرێت:

٢-١: قۆناغی دەمی كە هەر لە دایكبوونەوە تا ساڵی یەكەمی تەمەن دەخایەنێت، لەم قۆناغەدا دەم بە یەكەم شوێنی لەش دادەنرێت كە منداڵ چێژی لێ

دەست دەکەویت، بەمجۆرە لیوەکان دەبیتە سەرچاوەی وەدەستهینانی چیژ.

٢-٢: قۆناغی کۆمی تا سالی سییەمی تەمەنی منداڵ بەردەوام دەبیت، لەویدا تەئکید لە سەر دەردراوەکان دەکریت، منداڵ لە وروژاندنی ئەو شوینە چیژ دەبینیٚ، یاخود لە کاتی رزگار بوون لە دەردراوەکان چیژ وەدەست دەهینیٚ، بەمجۆرە کۆم بە شوینی شەرتییەتی دووەم دوای دەم لە قەلەم دەدریت((زۆر لە خەسلەتەکانی دیکە رەگەکانییان بۆ کۆم دەگەریتەوە)).

٢-٣: قۆناغی چووك لە سالی چوارەمی تەمەنی منداڵ، یان لە نیوان سالانی سییەمو پینجەمدا دەست پیدەکات، لەویدا منداڵ بایەخ بە دۆزینەوەی جیاوازییە سیکسیەکان دەدات، بە تایبەتی ئەندامی چووك. لەم قۆناغەدا منداڵ پەیوەندییەکی کۆمەلایەتیو سۆزگەرانە لەگەڵ دایكو باوکی دروست دەکات (رەنگە ریگەی دەرکەوتنی گریی ئۆدیب لەم قۆناغەدا بسازیٚو گەشە بکاو ئالۆز بیٚ).

٢-٤: قۆناغی زاوزیٚ دوای بالق بوون لە تەمەنی نزیکەی دوانزە سالییدا دەست پیدەکات (لەم قۆناغەدا خۆگونجانیکی سیکسی بە دیار دەکەویتو

رۆلەکانی خۆی بە باشی دەبینێ) هەروەها غەریزە سیکسییەکان بەرەو ئامانجە بایۆلۆژییەکانی خۆیان هەنگاو دەنین، لەم قۆناغەدا هەندێ لە گۆرانکاریی بنەرەتی روو دەدات، لەوانەش خود بە گەرانەوەی کۆمەلی بارگەی دەروونی لبیدۆی پیشوو هەلدەسێو هەندیکی دیکە لەو بارگە دەروونییە لبیدۆییە بۆ وەزیفەی سیکسی لە شیوەی کرداری ئامادەباشییانەوە، یان کۆمەك کردن ریکدەخاتەوە، لە تیر کردنیشیان هەمیشە حالەتی نەشوە کە پیش چیژ دەکەویت دروست دەبیت، هەروەها هەندێ لە حەزەکانی دیکەی ناوچەی دەروون دەردەکەویت، یان بە هۆی سەرکوت کردن، یان بە هۆی چەپاندن، یان لە شیوەی بەبالاکردنو گۆرینی ئامانجی حەزەکانیان، لیرەدا ماوەی کپبوون (کمون) ((ماوەیەکە دەکەویتە نیوان قۆناغی پیشکەشکردنی وروژینەرەکانو وەلامدانەوە)) دەکەویتە نیوان قۆناغی چووکیو قۆناغی زاوزێ، لەو ماوەیەدا حەزە سیکسییەکان لاوازو کپ دەبن.

٣-خەسلەتی کەسیتی لەو سێ قۆناغەی سەرەوەی گەشەی سیکسی دیتە بەرهەم، کەسیتی مرۆڤی پیگەیشتوو هەمیشە بە گەشەی سیکسییەوە خۆی

بـەند دەكـات، گەشـەی سیكسـی لـە قۆنـاغی شـیر پیدانـەوە دەسـت پیدەكـات، وەك چـۆن هۆیـەكانی شـیوانی كەسـیتی بـۆ مـاوەی یەكـەمی ژیـانی تـاك دەگەریتەوە.

٤-ژیـانی سیكسـی وەزیفـەی تایبـەتی خـۆی لـە ریگەی چیژەوە دەست دەگەویت كە هـەندێ ناوچـەی لـەش دەگریتـەوە، دواجـار ئـەو وەزیفانـە بـۆ خزمەتكردنی وەزیفـەی زاوزێ دەسـت بـە كـار دەبـن، واتـە لـیرەدا مانـا سیكسـییەكان دوو جـۆرن (زاوزێ)و (سیكس) واتە سیكس كۆمەلیك كردار لە خۆ دەگرێ كە هیچ پەیوەندی بە زاوزیوە نییە.

٥ - غەریزەی سیكسی ملكەچكەرانەیەو دەسـت بـە سەر تاكو كۆدا دەگرێ، زۆرجـار میـژووی گـەلیك لـە سەر حەزە زاوزیەكانی سەرۆكەكانییان دەوەستێ.

## بایەخی ئەو تیۆرە

لـە شـیكردنەوەی دەروونییـدا سـیكس تیۆریكـی گرینگەو ئامانجی دیاریكراوی سایكۆلۆژی كەسیتی لە خـۆ دەگریـت، هـەروەها پیشـنیار كردنیكـی ناوەكییانەیـە لـە چۆنیتـی وەدەسـتهینانی تـەرزی رەفتـاری ئـارەزووكراو، توانـای كەمكردنـەوەی ئـەو

شیوانانەش دەخاتە روو کە لە ئەنجامی جیگیر بوون (بیریکی نەگۆر) دیتە ئاراوە، واتە ئەو بیرەی کە بە بابەتی خۆشەویستییەکی دیاریکراوەوە بەندە، ئەویش لە ریگەی شیکردنەوەی دەروونییەوە چارەسەر دەکریت،

ئەو تیۆرە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە پینج سالی تەمەنی منداڵ ئەو قۆناغە یەکلاکەرەوەیە کە تاك لە کاتی گەورە بوونیدا دیاری دەکات، تیۆرەکە ئاماژە بە کەسیتی ئاسایی (گونجاو لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵ)، دەمارگیریی، جیاوازییە رۆشنبیرییەکان، سیکسی نائاسایی... دەکات، هەموو ئەوانەش بۆ گەشەی ژیانی سیکسی لە سالەکانی یەکەمی تەمەن، دەگەریتەوە.

## دەرئەنجامی کۆتایی

بەرجەستە کردنی پانتایی فەلسەفی لای هەر بیریاریك بە بەدواچوونی بەرهەمەکانییەوە دیاری دەکریَ (ئارنست جۆنز) هاوریی نزیکی (فرۆید) دەلیَ: فرۆید لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی نۆزدەمدا لە ماوەی خویندنی وەك قوتابی لە (ڤیەننا) بەردەوام ئامادەی کۆرو گفتوگۆ فەلسەفیەکانی (برنتانۆ) دەبوو، هەروەها لە سالی (١٨٨٩)و لە ماوەی راژەی سەربازییدا هەولیدا لە ریگەی وەرگیرانی هەندیَ لە وتارەکانی (ستیوارت مل) بۆ ئەلمانی کەمیَ پارە وەدەست بهینیَ، واپیدەچیَ فرۆید کەوتبیتە ژیر کاریگەری ئەو وتارانەوە بۆیە ((فەلسەفەی کۆمەلآیەتی فرۆید بە فەلسەفەی ستیوارت مل دادەنینن)) هەروەها وەك دیارە ویچوونیك لە نیوان چەمکەکانی فەلسەفەی فرۆیدو شوبنهاوەردا هەیە، بۆ نموونە چەمکی لاشعور کە لای فرۆید کۆگای وزە سەرەتاییە نامەعقولەکانە، هاوریکە بە تیۆری ئیرادەی نائاگای شوبنهاوەرەوە، هەروەها فیکرەی مردن کە دیدو بۆچوونیکی

شـوبنهاوەرییە وەك تاكــە چارەســەریك بــۆ وجــودی مرۆیی خراوەتە روو، لای فرۆید لە غـەریزەی مـردن دەنگدانـەوەی هەیـە، هـەر ئـەو فیكرەیـەش رەشـبینی فرۆید بۆ ژیاری دەخاتە روو، وەك لە كتیبی (قلق في الحضارة) دەردەكەویت.

ئەگەر ئەوانە دەلالەت لە چوارچیوە گشـتییەكەی فەلسـەفەی فیكـری فرۆیـد بكـەن، وەك دیـارە لــە كۆتاییــەكانی ســەدەی نۆزدەمــدا ئــەو ماوەیــەی كــە فیكری فرۆیدی تیا هاتـە دامـەزراندن دوو فەلسـەفە بــاو بــوون، فەلســەفەی پۆزەتیفــیزم لــە فەرەنســاو قوتابخانــەی پراگمــاتی لــە ئینگلتــەرە، هەلویســتی فەلسـەفەی پۆزەتیفـیزم دەكەویتـە نیـوان مادییـەتو میســالییەت، واتــە وەك فیكریكــی بیلایــەن خــۆی دەنوینیّو بە لایەوە وەزیفـەی زانست وەسـف كردنـە نـەك راڤـە كـردن، میتـۆدی لیكۆلینـەوەش لای ئـەوان دەبیّ پشت بەو مەعریفەیـە ببەسـتیّ كـە لـە ریگـەی شـــــارەزاییەوە Empirical،هـــــەلقولاوە نـــــــەك ئەزموونEmpirical.

بازنــــەی (ڤیــــەننا) دوا قۆنــــاغی قوتابخانــــەی پۆزەتیفی بوو، ئەو قوتابخانەیە لە سییەكانی سەدەی بیســـتەمدا((لــە بــواری فەلســەفەو شــیكردنەوەی

دەروونـــیو زانســـتی دەروونیـــدا وەزعییـــەتیکی لۆژیکخوازانەی لا گەلآله کردیـن)) بـەلآم قوتابخانـەی پراگمـاتیزم کـه لـه پۆزەتیفـیزم نزیـك بـوو (جـیرمی بنتـــام) لـــه ئینگلتـــەره تـــەعبیری لی دەکـــرد، پییوابووچیـژو ئـازار دوو دەسـەلآتن کـه سروشـت بـه سەر مرۆڤیدا سەپاندووه، هەر ئەو دوو دەسەلآتەشـه کردەی مرۆڤ دەسنیشان دەکاتو سنوور بۆ کارەکـانی دەکیشـیّ، وەك دەبینـین لـەوەی کـه پیشـکەشمان کـرد کاریگەری ئەو دوو فەلسەفەیه له فیکری فرۆیددا به ئاشکرا دیاره.

(ئـیزنك) وای دەبینـیّ کـه ئـەوەی لـه رووی زانستییەوه بـه تیـۆری فرۆیـدەوه پەیوەسـته ئەوەیـه کـه شـیکردنەوەی دەروونـی زانسـت نییـه، هـەروەها (مـارکس)یـش لەگـەلّ (ئـیزنك)دا یەکدەگریتـەوەو پییوایـه کـه شـیکردنەوەی دەروونـــی پیوانـــه زانستییەکانی به سەردا جیّ به جیّ نـاکریّ، زۆربـەی پیکهاتەکانیشی ساکارەو راسـتگۆیو جیگـیربوونی تیـا بەدی ناکریّ.

(فـەردیل) دەریدەخـات کـه تیـۆری شـیکردنەوەی دەروونی ناشیّ راستی دەرباره بگوتریت، ناشـکریّ بـه چەوت سەیر بکریّ، ئەوەی دەیەویّ رەخنه له تیۆری

شـيكردنەوەی دەروونـی بگـرێ پێویستە ئـەو تیـۆرە ببینێ، ئەگەر شوێنێکی دیاریکراوی روونی نـەبێ کـە لـەویوە بلـێ کامـە بنەماکانییـەتیو کامـە تیۆریزەکردنەکانیـەتی، پـەیوەندی نێـوان بنـەماکانو تیۆریزەکردنـەکان لـە تیـۆری فرۆیـد کامەیـە، چـۆن قسەی لێ دەکات؟.

هـەروەها زۆربـەی رەخنـەگرانی شـیکردنەوەی دەروونی پێیانوایە کە (بەمیرات بۆماوەو پێگەیشتن) لای فرۆیـد زیـاد لـە کیشـی خـۆی پێـدراوە، بـەڵام کـەمتری بـە خەسـلەتەکانی کەسـێتی بەخشـیووە، لـە لایـەکی دیکـە ئـارەزووی شـەهوەتو ویرانکارانـە دەخاتـە پـاڵ منـداڵ، هـەروەك گەشـەی سێکسـی نموونەییو هەنگاو نان بەرەو حەرامکراوەکان دەخاتە پاڵ هەموو مرۆڤێكو رەفتاری مرۆڤ لە سەر بنەمای پاڵنەرە سێکسییەکان لێکدەداتەوە. ئەوەش بە بـڕوای ئێمـە بـۆ کەمکردنـەوەی دیـاردەی دەروونـی دەگەڕێتەوەو کە بـە شـێوازی حەتمییـەتی میکـانیکی لێکیداوەتەوە، لە دابەشکردنی کەسێتیدا (ئید، ئیگۆ، سوپەر ئیگۆ) بـە دیـار دەکـەوێت، ئـەوەش رێـك وەك ئەوە دێتەوە کە (سوپەرئیگۆو ئید) دوو لوولەك بنو بۆرییـەك بـە یـەکیان بـەند بکـاتو لـە ناوەراسـتی

بۆرییەکـە زمانەیـەك هـەبێ کـاتیك کــە هــیزیکی ناهاوسەنگ له دوو لولەکەوە دروست دەبێ بۆرییەکە (واته ئیگۆ) شیوانی به سەر دادێ، کاتیکیش فشارەکە له سەر ئیدو سوپەرئیگۆ هاوسەنگ دەبێ، لەو کاتەدا کەســەکه بــە هــۆی هاوســەنگی هــیزەوە بـــە ســەر هەلویستی دەروونیدا زاڵ دەبیت.

ئــەوەی کــە فرۆیــدی گــەیانده ئــەو جــۆره لــە فیکرکردنەوە داروینییەتو بایۆلۆژیا بوو، کە له سەر دەستی هـەندێ لـە مامۆسـتا بەناوبانگـەکانی زانکـۆی (ڤیـەننا) خوینـد بـووی، هـەروەها ریبـازی میکـانیکی (هلموهلــتز)و وەســـفکردنی فەلســـەفەی پۆزەتیفـــی لۆژیکخـواز، فەلســـەفەی ســتیوارت مــل کــه وجــودی کۆمەڵایەتی له تاکیکی سەربەخۆدا دەبینیت، کە هەر یەکیك بۆ سوودی تایبـەتی خـۆی هـاتووە، کاریگـەری خۆیان هەبووە، تەئکید کـردن لـە لایـەنی بـایۆلۆژیو لیکدانــەوەی رەفتــاری مــرۆڤ لــە تویـــی یاســاکانی بایۆلۆژی به نەنگی بنەرەتییانەی تیۆری فرۆیدییەت له قەلەم دەدریت.

هــــەندیکی دیکـــــە لـــــە رەخنـــــەکان ئـــــەو تاقیکردنەوانـەی کـە فرۆیـد بـۆ چەسـپاندنی راســتی گریمانــەکانی ئــەنجامی داوە بــە ترســناك لــە قەلــەم

دەدەن، چونکە تێبینیەکانی لە بارو دۆخێکی نارێکدا بەجێ هێناوە، واتە ئەو شتانەی کە نەخۆش و ئەو دەیلێ، ئەو کردانەی کە لە ساتەوەختی چارەسەرکردن ئەنجام دراون بۆ کار کردن تۆماری نەکردوون، بەلکو هاتووە کاری لە سەر ئەو یادگارییانە کردووە کە دوای چەند کاتژمێریك لە سەردانی نەخۆشەکان و چارەسەرکردندا تۆماری کردوون.

هەندێکی دیکە دەلێن فرۆید هەموو ئەو شتانەی نەخۆش دەیگوت وەك خۆی وەریدەگرتن بێ ئەوەی هەولی هەلبژاردنیان بداتو بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دەرەوە بیانسەلمێنێ، فرۆید ئەو بەیانە گومانلێکراوانە کە لە رووی زانستییەوە هەژارن، وەك بەلگەی دەرئەنجامی کارەکانی دەیانخاتە روو، بۆیە زۆر لە رەخنەگران پێیانوایە کە کتێبەکانی فرۆید هەر تەنها دەرئەنجامی بیرکردنەوەکانی خودی فرۆید لە خۆ دەگرن، هەروەها ئەو چەمکانەی کە فرۆیدین، ناشێ بۆ تاقیکردنەوەو تێبینییەکان کورتیان بکەینەوە، هەموو وشەکانیشی کوێرانە دێنە بەر چاوو پشت بە رێسای زانستی نابەستن، هەروەك هیچ جۆرە پەیوەندییەکی چەندایەتی ناخاتە روو،

سەرەرای ئەوەی تواناى پیشبینی کردنو جێ بە جـێ کردنـی گریمانـەکانی لـە رووی سروشـتی مرۆڤانـەدا کورتی دینێ.

هـەروەها هـەندێ زانایـانی دەروونـی فرۆیـد بـە زانایەکی دەروونی مەزن دادەنینو بەشدارییەکانی لە زانستی دەروونیـدا بـەرز دەچوینـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ((نـاکرێ تیـۆری شـیکردنەوەی دەروونـی لـەبارەی کەسیتی بە ریكو پیکـی سـەیر بکـەین)) ئەگەرچی فرۆید ((یەکەم کەسە کە تیۆریکی دینامی تـا رادەیـەك بـەربڵاو لـە رووی هەلسـەنگاندنی کەسـیتییەوە هینابیتـە ئـاراوە)). ((تیۆرەکـەی ئاسۆیەکی نوێو تیروانینی بـۆ کۆمـەلیك هەقیقـەتی پەیوەست بە دەروونی مرۆیی کە تا ئەو کاتـە نادیـار بوو خستە روو)).

فرۆیـد-بـێ ئـەوەی وەك تیکدەریـك تەماشـای بکەین- زانایەکە لـە بوارەکـانی دیکـەی وەك هـەردوو بـواری سـەرەکی هونـەرو ئـەو هەوڵانـەی بـۆ هاوگونجاندنی فرۆیدییەتو مارکسییەت خستیە روو، کاریگـەری خـۆی هـەبوو، هـەندێ لـە رۆشـنبیرانی ئـەوروپا لـە ((هاوگونجـاندن))ی شـیکردنەوەی دەروونیـدا توانایـەکی رادیکالیانـەیان دۆزیوەتـەوە،

هەروەها دەبینن فرۆید ((لە پرەنسیپە فەلسەفییە سیاسیو سیکسییە رادیکالەکەی هەولی داوە رۆشنبیریی چەسپاو هوشیار بکاتەوە))

(هربت مارکۆزە) لە پیش هەموویانەوە هەولی داوە کە (مادییەتی مارکسیو میتافیزیکای فرۆیدی) لە کتیبی (ئیرۆسو ژیاریی-سالی ١٩٥٠)و دواتر لە (مرۆڤی تاك رەهەند-سالی ١٩٦٤) بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، هەروەها لە لیکچەرە چاپکراوەکەی کە لە ژیر ناونیشانی شیکردنەوەی دەروونیو سیاسەتە-سالی ١٩٦٨ هەولیداوە لە نیوانی چەمکەکانی مارکسییەتو فرۆیدییەتدا هاوگونجانێ دروست بکات.

(فرۆم) کە پییوایە سەرمایەداری لە پیشکەوتنەکانی خۆیدا مرۆڤیکی بەرهەم هیناوە کە مەحکومە بە زانینی کەمترین فرتوفیڵ، مرۆڤیکی ترساو، نیگەران، سەرگەردان، تەنیا،... کۆمەلگەی خۆرئاوای لە باریکەوە بەرەو باریکی دیکە دەگۆرێ بەلام بێ ئەوەی ئەو مرۆڤە بتوانێ بە شیوەیەکی پۆزەتیڤانە پرۆسیسەی ئازادییەکانی خۆی بکات، بەلکو بەرەو شیوە نیگەتیفەکەی ئازادی دەچێ، یان هەلاتن لە ئازادی، هەروەها هەولیداوە کە دووبارە

لەژێر رۆشنایی کتێبە سەرەتاییەکانی لەبارەی مارکسەوە چاو بە تیروانینەکانی فرۆید دەربارەی مرۆڤدا بگێریتەوە.

لەم بارەوە (ئۆسبۆرن) هەندێ لەو کتێبانەی بڵاو کردۆتەوە، گرنگترینیان (مارکس‌و فرۆید)(مارکسییەت‌و شیکردنەوەی دەروونی) کە لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بەوە کراوە کە ((پەیامی سەرەکی ئەو کتێبە لەوەدا خۆی دەبینێ کە تیۆرەکانی فرۆیدیەت‌و مارکسیەت هەولی جۆراو جۆر بۆ گەیشتن بە ناسینی سروشتی مرۆڤایەتی دەدەن، ئەو هەوڵانەش بێ کەم‌و کورتین‌و یەکیك ئەویدیکە تەواو دەکات)).

لە وڵاتە سوسیالیستەکاندا مارکسییەکان وای دەبینن کە چەمکەکانی شیکردنەوەی دەروونی پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێوان تاك‌و ژینگەی کۆمەڵایەتیان شێواندووە، پرۆسە مێژووییەکانیش بە زمانی سەرەرۆیانە‌و سۆزگەری لیکدەدەنەوە، هەروەها ئەو فرۆیدییانەی کە هەولیانداوە لە نێوان مارکسیەت‌و فرۆیدیەت هاوگونجانێ بسازینن بەوەی کە سیستەمی سەرمایەداری کۆمەلگەیەکی نەخۆشی بەرهەمهیناوە، بۆ ئەوەش پشت بە پالنەرە نائاگاییە

چەپینراوەکان دەبەستن، هەروەك بزوتنەوەی لاوان و هەموو کردە کۆمەڵایەتییەکان وەك کیشەیەکی ناوەکی کە دەکەویتە دنیای ((ناعەقلانی))یەوە، وەك شۆرشی سیکسی لیکیدەدەنەوە، هەموو ئەوانە دەلالەت لەوە دەکەن کە فرۆیدە نوییەکان بێ ئەوەی گۆرانێ بەسەر کیشەی سەرمایەداریدا بهینن دەیخەنە دواوە.

لە بواری هونەریشدا فرۆید وای دەبینێ ((هونەر تەنها پانتاییەکە لە ژیاری ئیستاماندا پاریزگاری لە توانای رەهای فیکر بکات، تەنها لە هونەردا مرۆڤ دەکەویتە ژیر پالنەرە لاشعورییەکان تا دەرئەنجامێ لە هاوشیوەی تیرکردنی ئارەزووەکانی بەرهەم بهینێ)).

وا گریمانە دەکرێ کە فرۆید بتوانێ وەك باوکیك لیپرسیاریەتی سوریالیەکان لە ئەستۆ بگریت ((لای سوریالیەکان فرۆید مەزن بوو، هاوشانی مارکس و رامبۆ و دی ساد سەیر دەکرا، ئەگەر مارکس چواچیوەیەکی گشتی بۆ شۆرش دانابێ، فرۆید بە نیسبەت سوریالیەکان چواچیوەیەکی گشتی بۆ ئازادی دارشتووە)) ئەوەش لای سوریالیەکان بە تایبەتی (بریتۆن)دا کە بەیانی سوریالیەکانی لە سالی ١٩٢٣

نووسی دەکەویتە بەرچاو، فرۆید لە وەسفکردنی (بریتۆن)دا دەلێ((ئازادیو شکۆمەندی مرۆڤو تەواوی ژیانی بە شیوەیەکی پاكو رەها رابەرایەتی کردووە)).

وەسفی فرۆید بۆ خەون ئەوەیە کە ((شانشینیکە دەکەویتە دەرەوەی لۆژیكو ساخکردنەوەیەکی خۆنەناسکردنانەی ئارەزووە چەپینراوەکانە، هاوگونجانیکە دەکەویتە نیوان ئەو داوایانەی کە بەرەو حەرام هەنگاو دەنین لەگەڵ ئەو بەرەنگارییانەی کە چاودیرکردنی ئیگۆ دەوروژینن)). هەروەها کەشف کردنی لاشعور بەو جۆرەی کە فرۆید وەسفی دەکات دەبیتە جیگەی بایەخو سەرکەوتنی سوریالیەکان بە سەر ئەو ((بەشە نادیارە))ی وجودی مرۆڤایەتی کە پرشنگی خراوەتە سەر -لەدیدی ئەواندا- ئەو بەشە نوینەرایەتی هەقیقەتی رووتی مرۆڤو سەرچاوەی وزە هەقیقیەکانی داهینانی هونەرییە، لە ژیر سیحری ئەو کاریگەرییەوە سوریالیەکان بە دوو ریگە لاشعور دەخەنە بەرچاو: لەخۆوە(تلقائی)و خەون، ئەو دوو ریگەیەش لەگەڵ وەبیرهینانەوە ئازادو(ئەو شیوازە لای فرۆید بە بنەرەتی شیکردنەوەی

دەروونی دەژمێردرێتو نەخۆش دەبێ هەرچی بە بیریدا تێپەری باسی بکاو نابێ هیچ شتێك بشاریتەوە) شیکردنەوەی خەونەکانی فرۆید هاوشێوەن.

(بریتۆن) پرۆسیسەی نووسینی لەخۆوەی کردووەو بەرهەمەکانی ئەو رێبازەی بە ناوی ((بواری موگناتسییەکان)) بڵاو کردۆتەوە، سوریالیەت بە لەخۆوەی دەروونی پاك دەداتە قەلەم، کە ئامانجیان دەربرینی شعورە، یان نووسینە، یان هەر رێگەیەکی دیکە کە وەزیفەی راستگۆیینەی فیکر لەخۆ بگرێ)).

(ئەراگۆن) وێنە کێشانی سوریالیانە بەجێبەجێکردنی ئەو رەمزە سێکسیانە دەژمێرێ کە لە چەمکی فرۆید ئاویان خواردۆتەوە، ئەوەش دەشێ چونکە فرۆید پێیوایە کۆمەلێك رەمزی دیاریکراو هەن کە لە خەونی هەموو کەسێ دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە ماڵ هەمیشە تەعبیر لە جەستەی مرۆڤ دەکات، ئەگەر دیوارەکانی لوس بوو ئەوە بە پیاوەوە پەیوەستە، ئەگەر نا بە ئافرەتەوە ، دایكو باوکی لە وێنەی شاو شاژن خستۆتە روو، براو خوشکەکانیش لە وێنەی زیندەوەری بچووك، یان

کرم، خەونی لە دایکبوون رەمزی ژیانە، مردنیش رەمزی سەفەرە، هەروەها ئەندامە سیکسییەکانیش بە هۆی ئەو شتانەی کە لە هەندێ رووەوە لەو دەچن دەخاتە روو، بۆ نموونە ئەندامی نێرینە لەو شتە دەچێ کە توانای برینی هەیە ((چەقۆ، خەنجەر، سەرە نیزە...)) هەروەها ئەندامی مێینە لە شتە قۆپاوەکاندا دەخاتە روو ((بیر، قولکەی مەنجەڵ، قوتوو، قاپ...)).

## زنجیره كتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

| ناوی کتێب | نوسینی | وەرگێرانی |
|---|---|---|
| ١-ژن لە شیعرو ژیانی مندا | نزار قەبانی | جەمال غەمبار |
| ٢-نیچە | پۆل ستراتیرن | ئازاد بەرزنجی |
| ٣-سوری مانگانەی ژن | مارتن لۆدڤیك | ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤-دیکارت | پۆل ستراتیرن | رەئوف بیگەرد |
| ٥-بیری ئاینی كۆن لە میزۆپۆتامیادا | د. تەقی دەباغ | یاسین عومەر |
| ٦-ریبازەکانی رەخنەی ئەدەبی | دیاینی. دەچز. ئبرامز | عەتا قەرەداخی |
| ٧-ئایین و کەسایەتی | ل. پالس | ئاوات ئەحمەد |
| ٨-هەشت نامە | گۆنتەرگراس-<br>کینزابۆرۆئۆ | شورش جوانرۆیی |
| ٩-ئانارشیزم | د. مستەفا رەحیمی | ریباز مستەفا |
| ١٠-کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد | ئارچی رۆزفلت | ئەکرەم قەرەداخی |
| ١١-دەربارەی دیالیکتیکی<br>رۆشنگەری | موراد فەرهاد پوور | بەختیار سەجادی |
| ١٢-پۆزش | ئەفلاتون | ئاوات ئەحمەد |
| ١٣-ئاوابوونی هزرە<br>تۆباوییەکان لە رۆژئاوادا. | ئایزایا بەرلین | کامیل محەمەد |
| ١٤-هونەری نیگارکیشان.... | شمیدت دیجینەر | وەهبی رەسوڵ |
| ١٥-چامەی پەخشان | سۆزان بیرنار | سەلاح محەمەد |
| ١٦- ئایین، عەلمانییەت ، ... | محەمەد ئەرکۆن | شوان ئەحمەد |
| ١٧- سارتەر | پۆڵ ستراتیرن | ئازاد بەرزنجی |
| ١٨-چۆن دەبیت بەباشترین<br>هاوریی خۆت | میلدرید نیومان<br>بیرنارد بیرکۆتس | شیرزاد حەسەن |
| ١٩-کوردو زمانی کوردی | تۆفیق وەهبی | عەزیز گەردی |
| ٢٠-ئەنتۆنین ئارتۆو شانۆی ... | جلال ستاری | پیشرەو حسین |
| ٢١-پاسکاڵ | ئاندرێ کریسۆن | سامان عەلی |
| ٢٢-کافکا | سادقیهیدایەت<br>یوسف حاجی میرزای | محەمەد کەریم |
| ٢٣-لەنیوان بلیمەتی و شیتیدا | هاشم سالح | نەوزاد ئەحمەد |